**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**بەڵگەنامەی کۆنگرەی پێنجەم**

**ژمارە ( 1)**

# کۆنگرەی ئۆگرانی ڕێبازی قاسملوو




# لاوانی وشیاری کوردستان، هێزی ڕۆنانی کۆمەڵگایەکی پیشکەوتوون

# پێڕست

**پێشەکی**
**پەیامی حیزب و ڕێکخراوەکان**
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
پارتی سۆسیالیستی کوردستان
پارتی نیشتمانی کوردستان
مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان
کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
یەکێتی قوتابیانی کوردستان
یەکێتی لاوانی دێموکراتی لە کوردستانی ئێراق
یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
ڕێکخراوی ئازادی لاوان
ڕێکخستنی لاوانی پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سوریە
ڕێکخراوی تواناسازی لاوانی کوردستان
یەکێتی گشتی قوتابیان
ڕێکخراوی کوردستان بۆ شەفافیەت
ڕێکخراوی یاران بۆ چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی
یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
ڕێکخراوی رابوونی خوێندکار و لاوانی کوردستان
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ڕێکخراوی لاوانی سەردەم
ڕێکخراوی کیمیاباران و ئەنفالکراوەکانی ناوچەی بالیسان و دەوروبەری
**پەیامی سەنتەر، کۆمەڵە و ناوەندەکان**
ناوەندی ئایندە بۆ پرسەکانی گەنج
ناوەندی نێرگز
ناوەندی چاک
ناوەندی یەکیەتی کوردان–سوید
سەنتەری ئێراقی ئەمڕۆ
**لاوانی وشیاری کوردستان، هێزی ڕۆنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوون**

کۆمەڵگەی ئاشتی و گەشەپێدانی کوردستان

سەنتەری ڕۆشنبیری بەهرە

کۆمەڵەی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستان

کۆمەڵەی ئەدەب و هونەری کوردی کوردستانی ئێران

ماڵپەڕی کوردستان میدیا

ڕۆژنامەی ئاگری

**پەیامی کەسایەتییەکان و دۆستانی یەکیەتیی لاوان**

د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

د. مارف خەزنەدار

مومتاز حەیدەری

محەمەد جەلی زادە

قەرەنی قادری

مستەفا شێخە

شاد محەمەد

مریم عەلیپوور

مەجید حەقی

سولەیمان کەڵەشی

ڕەحیم ڕەشیدی

سمکۆ بێکەس

سەعید پەروازە

**پەیامەکانی ناوخۆی کوردستانی ئێران**

ڕێکخستنی نهێنی یەکیەتیی لاوان لە شاری ورمێ

ڕێکخستنی نهێنی یەکیەتیی لاوان لە شاری پیرانشار

ڕێکخستنی نهێنی یەکیەتیی لاوان لە شاری نەغەدە

ڕێکخستنی نهێنی یەکیەتیی لاوان لە ناوچەی هەورامان

**پەیامەکانی دەرەوەی وڵات**

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

سیروس ملکوتی

## پێشەکی:

لە دەسپێکدا بەبۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی پێنجەم کۆنگرەی "ئۆگرانی ڕێبازی قاسملوو" لەژێر درووشمی(لاوانی وشیاری کوردستان، هێزی ڕۆنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوون) لەسەرجەم ئەندامانی بەڕێزی بەشدار لە کۆنگرە و هەموو ئەو ئەندامانەی کە لەژێر چەتری ڕێکخراوەکەمان "یەکیەتیی لاوان" درێژە بەکارو تێکۆشان دەکەن، پیرۆز بایی دەکەین.

خۆشەویستان کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی "یەکیەتیی لاوان" لە هەشتەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی پێنجەم بڕیاری دا بە دروست کردنی چەند لێژنەیەکی تایبەت بۆ کارئاسانی بەڕێوەچوونی کارەکانی کۆنگرە. لێژنەی پەیامەکان لەژێر سەرپەرشتی کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکان، یەکێك لەو لێژنانە بوو کە ڕاسپێردرا بۆ ئەوەی پەیام ئاراستەی سەرجەم ئەو ڕێکخراو، ناوەند، کۆمەڵ و کەسایەتیانە بکات و داوایان لێبکات کە بە پێشنیار و بۆچوون و ڕەخنەکانیان بەشداری لە کۆنگرەکەمان دا بکەن و ئێمەش لە ئەزموون و ڕێنماییەکانیان کەڵك وەربگرین.

ئەونامیلکەی کە لەبەر دەستانە کۆکراوەی ئەو پەیام، بروسکە و نامانەیە کە پێش بەچاپ گەیشتنی ئەو نامیلکەیە بەدەستمان گەیشتوون. هەوڵماندا کە بۆ جاری یەکەم لە مێژووی کۆنگرەکانی ڕێکخراوەکەماندا پێش کۆنگرە سەرنجی پێکهاتەکانی تری ناو کۆمەڵگا بۆ لای خۆمان ڕابکێشین و ئەوانیش لەگەڵ خۆمان بەشدار بکەین، هاوکات بۆ جاری یەکەمیشە کە تێکڕای ئەو بۆچوون و پێشنیارانەی سەبارەت بە ڕێکخراوەکەمان و کۆنگرە دەنێردرێن بدرێنە دەست ئەندامانی کۆنگرە و ئەوانیش بە چاوکراوەیی زیاترەوە لە ڕۆژانی کۆنگرەدا تێکهەڵکێشی هزرەکانی خۆیانی بکەن.

لەکۆتاییدا سوپاسی هەموو ئەو لایەنانە دەکەین کە داواکەی ئێمەیان قبوڵ کردوو بە تێبینییەکانی خۆیان هاوفکری و ڕاوێژیان لەگەڵ کردووین، داوای لێبوردن لەهەموو ئەوانەش دەکەین کە بەهەر هۆیەکی تەکنیکی داوای ئێمەیان پێنەگەیشتبێ یان وەڵامی ئەوان نەگەیشتبێتەوە دەستی ئێمە. بەناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران–لێژنەی پەیامەکان سوپاس و پێزانینی تایبەتی خۆمان پێشکەش بە بەڕێز (کاك لوقمان مێهفەر) دەکەین کە ئەرکی لەچاپدانی ئەو نامیلکەیەی گرتە ئەستۆ و بەوەش بەشێك لە قورساییەکانی سەر شانی ڕێکخراوەکەمانی لەو کاتەدا کەمکردەوە.

بەسپاسەوە

**کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران-لێژنەی پەیامەکان**

**1ی گەلاوێژی 1388ی هەتاوی بەرامبەر بە ( 23ی تەمووزی 2009ی زایینی )**

## پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێزان ئەندامانی ڕێبەرایەتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئەندامانی بەڕێزی بەشدار لە پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەبۆنەی پێکهێنانی پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتییەکەتانەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەین و ئاواتەخوازین کۆنگرەکەتان بەرنامەکانی کاری خۆی بەسەرکەوتنەوە کۆتایی پێبێنێ.

هاوڕێیانی تێکۆشەر؛

لە کەس شاراوە نییە کە لاوان هێزی بزوێنەری کۆمەڵگا لە سەرانسەری دنیادان، بەڵام لە وڵاتی ئێراندا ئەم هێزە بێجگە لە بزواندن و بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگا ئەرکێکی گرنگی دیکەشی کەوتۆتە سەرشان، ئەویش بریتی یە لە وریایی و چاوکراوەیی و هەروەها خۆبەدورگرتن لە ئیحساسات و هەڵچوون بۆ ئەوەی لە تراویلکە و ڕێ هەڵدێرەکانی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پێشیان دادەنێ لابدەن و ڕاستە ڕێیان بگرنە بەر کە ئاکامەکەی ڕزگاری وڵات بەهەموو توێژەکانیەوە، یەک لەوان توێژی لاوە. هەروەک لە ڕەوتی دیاریکردنی دەهەمین خولی بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا توانی لەژێر کاریگەری هێزی ڕاگەیاندنی خۆیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران و بەتایبەت لاوەکان ڕاکێشی سەر سندوقەکانی دەنگدان بکا و بەم چەشنە بانگەشەیەکی زۆر بۆ ڕەوابوونی حکومەتەکەی لەژێر پشتیوانی خەڵکدا بێنێتە گۆڕێ. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە پێشتر کەسێک وەک سەرۆک کۆمار دیاریکرابوو و بەشداری کردن و بەشداری نەکردنی خەڵک لە دەنگدان یان دەنگنەدان هیچ شتێکی نەدەگۆڕی، هەروەک لە ڕەوتی ڕووداوەکانی هەڵبژاردندا ئەم ڕاستییە بۆ هەموو خەڵکی دنیا ڕوون بۆوە.

لاوانی وڵاتی ئێمە پێویستە ئەو ڕاستییە باش بزانن کە ویست و داخوازی ئەوان کە گەیشتن بە دێموکراسی و ئازادی یە و ئەو داخوازییەش تا ئەو کاتەی ئەم ڕێژیمە لەسەر کارە نایەتە دی، لە چوارچێوەی دووبەرەکایەتی نێوان باڵەکانی ڕێژیم کە هەموویان لە کێبەرکێ دان بۆ بەدەستەوگرتنی دەسەڵاتی زۆرتر بەمەبەستی گەیشتن بە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان وەدی نایە، چونکە بەربەرەکانی ئەوان هەروەک نەیانشاردووەتەوە پارێزگاری لە یاسای بنەڕەتی ڕێژیم و بەهێزکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و هیچ پێوەندییەکی بە ویست و داخوازە ڕەواکانی لاوان و باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵگاوە نییە.

ئێمە لەو دەرفەتە کەڵك وەردەگرین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە داخ و پەژارەی خۆمان بە بۆنەی گیان لەدەستدانی دەیان کەس لە لاوەکانی وڵات لە ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردن و دەستگیر و زیندانی کردنی سەدانی دیکە، دەربڕین و هاودەردی لەگەڵ کەسوکاریان بکەین. لە هەمانکاتدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو جینایەتانەی کردی مەحکوم بکەین.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەتایبەت ڕێبەرایەتی ئەو یەکێتییە ئەرکێکی مێژوویی لەم بوارەدا دەکەوێتە سەرشان، بۆ ئەوەی هێز و تواناکنی لاوەکانی کوردستان یەکگرتوو بکا بۆ بەربەرکانی لەگەڵ ڕێژیم بەهەمووو باڵەکانییەوە و وشیارکردنەوەیان بۆ پوچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی کە لە داهاتووشدا دەبێ چاوەڕوان بن.

خۆشەویستان؛

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لەسەرەتاوە باوەڕی پتەوی بە لێهاتوویی و توانای توێژی لاو لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگادا بووە. بۆیە بە پشت بەستن بەو هێزە و پەروەردەکردن و پێگەیاندنیان لە ڕیزی حیزبدا، جێگا و شوێنی تایبەت بۆ ئەوان لە بەڕێوەبردن و بڕیاردان لەبەرچاو گرتووە، تا بەم هۆیەوە ڕیزەکانی ڕێبەرایەتی و ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەرایەتی حیزب جار لەجار زیندوو و نوێ بکاتەوە بەتایبەت ئەم ئاڵوگۆڕانە لە ڕەوتی کاری کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب و بەرنامەکانی دوای کۆنگرە بەروونی لەبەرچاون.

لەسەر بنەمای ئەو باوەڕ و بۆچوونە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە پشتیوانی هەمەلایەنەی خۆی لە یەکیەتیی یە تێکۆشەرەکەتان، ڕێبەرایەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پێنجەم و هەموو داخوازە ڕەواکانتان دەردەبڕێ و هیواداره بەهێز و توانای یەکگرتووی لاوەکان و هەموو چین و توێژەکانی ئازادیخوازی وڵاتەکەمان بتوانین حکومەتی هەڵبژێردراوی ڕاستەقینەی خەڵك دامەزرێنین و هەموو لایەك بە تایبەت لاوە ئازیزەکانمان کە زیاتر لە هەموان قوربانی دەستی پڕلە زوڵم و زۆری ئیستبدادی ئیسلامی ئێرانن، ڕزگار بکەین.

سەرکەوتن بۆ ئێوە و نەمان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەفتەری سیاسی**

## پەیامی پارتی سۆسیالیستی کوردستان

**بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**برایانی هێژا**

**داوەتنامەی ئێوە بەبۆنەی پێنجەمین کۆنگرەی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتانەوە گەیشتە من. گەلێك سپاستان دەکەم.**

**ئەمن دڵنیام کە پاش کۆنگرەی پێنجەمی، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهێزتر دەبێ.**

**بە سڵاوێکی دۆستانەوە، خوازیاری سەرکەوتنتانم.**

**مەسعود تەك**

**سکرتێری گشتیی پارتی سۆسیالیستی کوردستان**

## پەیامی پارتی نیشتمانی کوردستان

بۆ بەڕێز/ لێژنەی سەرپەرشتی کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...
بەناوی مەکتەبی سیاسی پارتمان (پارتی نیشتمانی کوردستان PNK) پیرۆزبایی گرتنی کۆنگرەتان لێدەکەین و ئومێدی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین و بەهیوای ئەوەین کە بتوانن بە بڕیار و ڕاسپاردەی گرنگ سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان ڕابگەیێنن.
بەڕێزان لەکاتێکدا ئێوە کۆنگرە کەتان بەڕێوە دەبەن کە کوردستان و ناوچەکە و دونیا گۆڕانکاری گەورە بەخۆوە دەبینێت و چاوەڕوانی گۆڕان و پێشهاتی گرنگ دەکرێت کە لاوانی شۆڕشگێڕ سەرکردەکانی سبەینێ ئێوەن کە هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی خەبات و قوربانی دابوون و چاونەترسانە بە بیر و هۆشی خەباتگێڕانەوە چ لە رابردوو و چ لە ئەمڕۆی خەباتدا دەورتان دیارە و جێ پەنجەتان لە خەبات و تێکۆشان دا دەبێ بە زێڕ بنەخشێنین، ئەم سەرکردانەی ئەمڕۆش کە سەرکردایەتی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان دەکەن دوێنێ لە قوتابخانەی یەکێتی لاوان پێگەیشتوون.
بۆ ئێمە لە سەرکردایەتی پارتی نیشتمانی کوردستان جارێکی دیکە لە ناخی دڵمانەوە پیرۆزباییتان لێدەکەین و بە ئومێدی سەرکەوتنی کۆنگرەتانین، هەر بژین بۆ کوردستان.

بژی کورد

بژی کوردستان

مەکتەبی سیاسی

**پارتی نیشتمانی کوردستان PNK**

## پەیامی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان

بۆ/ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە...

بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیە تێکۆشەرەکەتان یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم لاوانی کوردستانی شوورەی پۆلایین و تێکرای ئەندام و لایەنگر و هەوادارانی ڕێکخراوە کۆڵنەدەرەکەتان و تەواوی ئەندامانی کۆنگرە دەکەین، ئومێدەوارین بە راسپاردە و پێشنیاری بەپێز خزمەتی زیاتر بە توێژی خوێن گەرم و کاریگەری لاوان بکەن بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ و هەلومەرجی ئێستادا کە خۆی لە کایەی مەعریفی و زانستی و تەکنەلۆژیا و ڕۆشنبیری دا دەبینێتەوە، لاوان گۆش بکەن بۆ ئەوەی درێژە بەخەباتی نەپساوەی خۆیان بدەن وەکو چین و توێژێکی کاریگەر و پڕئومێدی کۆمەڵگا و ئەمە بکرێتە هەوێن و کەرەستەی دەرهێنانی ئامانجە رەواکانیان. هیوای سەرکەوتن بۆ کاروباری کۆنگرەکەتان و نەسرەوتن و بەردەوامیش بۆ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەخوازین.

ئیتر بۆ پێشەوە...

**مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان**

## پەیامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

**بۆ/ کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی (یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران)**

**سلاوی زانست و خەبات**

**وێڕای پیرۆزبایمان دەستخۆشیەکی گەرمتان ئاراستە دەکەین بۆ ئەم هەنگاوە دێموکراسی و شارستانیانەی کە بە مەبەستی نوێ بوونەوە و بەرەو پێش بردنی ڕێکخراوە دلێرەکەتان دەیهاوێژن، بەستنی پێنجەمین کۆنگرە لە وادەی یاسایی خۆی ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕێکخراوەکەتان بە کردەنی لە خەمی بەمەدەنی کردنی کۆمەلگای کوردی و ڕاهێنانی لاوانی کوردە لەسەر بنەماکانی دێموکراسی. ئەگەرچی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەلاتی کوردستان لەبار نییە بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکەتان بە ئازادانە درێژە بەرەوڕەوەی کاری ڕێکخراوەیی و شارستانیانەی خۆی بدات، بەلام ئێوە توانیوتانە تا ڕادەیەك ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە و سلتان نەکردووە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بۆ لاوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بۆ ئەمەش ژیرانە توانیوتانە سوود لەو ئازادییەی باشوری کوردستان وە ربگرن وەکو هەرێمێکی فرالوانی کاری ڕێکخراوەیی و بەرەوپێشەوەچوون بۆ سەرجەم ڕۆلەکانی کورد. ئومێدەوارین لە داهاتوویەکی نزیکدا لەژێر پەرچەمی کوردستان و لەهەر شارێکی کوردستانی گەورە پیرۆزبایی لە کردە دێموکراتی و دەستکەوتە نەتەوەییەکانمان بکەین. جارێکی تر هەنگاوەکانی بەستنی کۆنگرەتان پیرۆز و دەخوازین کادیرانتان وێڕای داڕشتنەوەی پەیڕەو و پڕۆگرامێکی سەردەمیانە و زانستی بۆ خزمەتی لاوانی کورد لە هەمان کاتیشدا بڕیاری دروست و ئازادانە بدەن بۆ هەلبژاردنی ستافی سەرکردایەتی داهاتووی ڕێکخراوەکەتان.**

**لەگەل ڕێزماندا...**

**ئیتر بۆ پێشەوە...**

### یەکێتی قوتابیانی کوردستان - مەکتەبی سکرتاریەت

## پەیامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

**بۆ دۆستانی بەڕێز لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**وێڕای سڵاو**

**ئێمە بەناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە پیرۆزبایی گەرمتان ئاراستە دەکەین بە بۆنەی گرێدانی کۆنگرەکەتانەوە و دەستخۆشیشتان لێدەکەین.**

**کاری تێکۆشەرانەی ئێوە بەشێکی گرنگە لەناو ئەزموون و خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەماندا و هەوڵێکی مەزن و درێژخایەنە لە ڕەوتی خەباتی خوێندکاریدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزی هەمووان لە ڕێ ڕۆشنی و بەرەوپێشبردنی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد.**

**لەم ڕووەوە ئومێدی سەرکەوتن بۆ کارەکانتان دەخوازین و بە چاوی ئومێدەوە دەڕوانینە ئەوەی هەمووان لە ئاواتی هاوچەرخبوون و بە ئەنجام گەیشتنی هەوڵی خەباتکارانەمان بەهرەمەندبین.**

**جارێکی تریش سەرکەوتوو بن.**

**کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان**

## پەیامی یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق

**بەڕیزان: ئەندامانی کۆنگرەی (5)ی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی هاوپەیمان.**

**خۆمان بە خۆشحال دەزانین کە ئەمڕۆ بەشدارین لە ڕۆژێکی مێژووی و پرشنگداری جولانەوەی لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر بەم بۆنەیەوەش بە ناوی مەکتەبی سکرتاریەت و سەرجەم کادیر و ئەندامانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق پر بە دڵ پیرۆزبایی خۆمانتان ئاراستە دەکەین و هیوای سەرکەوتن و یەك ڕیزیتان بۆ دەخوازین.**

**بەڕێزان: جێگای شانازیە کە یەکێتیەکەتان هەوڵی بێوچانی داوە بۆ داکۆکی کردن لە توێژی لاوانی ڕۆژهەڵات و لە هەمان کاتدا مەڵبەندێك بووە بۆ گۆشکردنی گەنجان بە هەستی دیموکراتی و پێشکەوتووخواز و نەتەوایەتی و نیشتمانی پەروەری و بەشێك بوون لە جولانەوەی ڕزگاری خوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەر لەم نێوەندەشدا بە هەزاران پێشمەرگەی لاوتان کردۆتە قوربانی ئەم خاکە. لەڕێی کۆنگرەکەتانەوە بە هیواو ئومێدی ئەوەین هەرچی زووترە کار بۆ یەکخستنەوەی تواناکانی لاوان بکەن و ببنە سەر مەشقی ڕاهێنان و داهێنان بۆ ژیانی لاوان. بە ئومێدێکی گەورەوە دەڕوانینە توانا جەستەیی و فیکریەکانی جولانەوەی لاوان کە ئێوەش بەشێك لە ژیان و جەستەی ئەم نەتەوەیە. ئێمە لە یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق خۆمان بە دۆست و هاوپەیمانی ئێوەی بەڕێز دەزانین و شانازی بەو پەیوەندییە مێژووییە دەکەین کە لە نێوان هەردوو ڕێکخراودا هەیە بۆ بەهێزکردنی کار و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی و نەتەوایەتیمان. بە ئومێدێکی زۆرەوە دەڕوانینە کارو ئەنجامەکانی کۆنگرەکەتان و ئاواتە خوازین ئەندامانی کۆنگرە بە لە چاوگرتنی کێشە و گرفتەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات و بە کۆمەڵێ بڕیارو ڕاسپاردەو پرۆگرامێکی سەردەمیانە کۆتایی بە کارەکانی بهێنێت.**

**هەرشاد و سەرکەوتووبن**

**یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق - مەکتەبی سکرتاریەت**

## پەیامی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

**بەڕێز یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**بەبۆنـەی بڕیاردانتـان بـۆ بەسـتنی کـۆنگرەی پێنجـەمی ڕێکخراوەییتـان. وێـڕای پیرۆزبـایی و دەستخۆشی لە بـەڕێزتان، هیـوای سـەرکەوتنێکی نموونـەیی گـۆڕانێکی نـەوعی لـەکارو پـەیڕەوی ناوخۆتان بـۆ بـەئاوات دەخـوازین، ئومێدەواریشـین ئـەم هەلـە بەباشـترین شـێوە بقۆزرێتـەوە بـۆ پێشخستنی زیاتری ڕێکخراوەکەتان و خزمەتگەیانـدنی پـتر بـە لاوانـی کوردسـتان. دیـارە توێـژی لاوان بزوێنەر و جولێنەری هەر بزافێکی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگان و ئاینـدەی وڵاتـیش بەوانـە بەندە، بۆیە پێمان باشە بـە پێشکەشـکردنی ئـەو چـەند پێشـنیارەی لای خـوارەوە کۆنگرەکـەتان دەوڵەمەند بکەین و کۆنگرەی داهاتووشتان لەژێر سایەی کەشێکی ئازاد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ببەستن.**

- **لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات وێڕای ئازاد نەبوون و مافخورانیان بەدەست ئـاڵودەبوون بـە مادده بێهۆشکارەکان دەناڵێنن و ئەمـەش مەترسـیەکی گـەورەی بـۆ سـەر ئاینـدەی لاوانـی کوردی ڕۆژهەڵات دروست کردووە، بۆیە ئەگەر بکرێ لە داهاتوودا کار بـۆ کەمکردنـەوە و بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە بکەن، کارێکی گەورە و گرنگە.**
- **ئەمڕۆ دەوری خەباتی دیپلۆماسی و مەدەنییە، دەکرێت ئێوەش شـێوازی خـەباتی خۆتـان لەسەر ئـەو سیسـتەمە داڕێـژن و وابکـەن بـە تێکۆشـانی هـێمن و مەدەنیانـە ئامانجـەکانی خۆتان بپێکن.**
- **هەوڵبدەن پەیوەندی خۆتان بە ڕێکخراوەکانی لاوان و ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی ببەستن.**
- **ئەگەر بکرێ بیر و فکری لاوان بە بنەما نەتەوایەتییـەکان گۆشـبکەن و هـەوڵی زیـاتر بـۆ پتـەوکردنی وەلائـی نیشـتمان بـدەن، چـونکە وەك دەزانـین ئـەمڕۆ لاوانـی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات لەژێر فشارێکی گـەورەی لاواز بـوونی هەسـتی نەتـەوەییان دەنـاڵێنن. جارێکی دیکە هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بۆ دەخوازین.**

**یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان**

**مەکتەبی سکرتاریەت**

## پەیامی رێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان

**بۆ بەرێزان / کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران / لێژنەی پەیامەکان**

**سلاوێکی گەرم....**

**بە ناوی خۆم و سەرجەم هەڤالانم لە ریکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان پیرۆزبایی بەستنی پێنجەمین کۆنگرەتان لێ دەکەین. دەخوازین کۆنگرەکەتان ببێتە وێستگەیەك بۆ پیاچوونەوە بە پرۆگرام و کارەکانی رێکخراوەکەتان بۆ ئایندەش دەخوازین زەمینەیەکی گونجاو بۆ ژیانی ئازادی و دیموکراسی لە کوردستانی رۆژهەلات رزگاری بێتە دی بۆ ئەوەی رێکخراوەکەتان بتوانێت زیاتر خزمەت بە لاوان بکات و ئاشنایەتی و دۆستایەتی زیاتر لە نێوان لاوانی هەردوولا بێتە دی.**

**هەربژین و سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان**

**هیوا حمید عبدالله**
**سکرتێری رێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان**

## پەیامی ڕێکخراوی لاوانی پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی لە سوریا

**بۆ: کۆنگرەی (5)ی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**هەڤالانی هێژا، ئەندامانی کۆنگرەی (5)ی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران...**

**کۆمیتەی سەرپەرشتیار**

**سڵاوێکی گەرم بۆ هەموو ئامادەبوان.**

**بەناوی ڕێکخستنی لاوانی پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی لە سوریا، بە دڵ گەرمی داوەتنامەی بەڕێزتان قبوڵ دەکەین، و بەم نامەیە بەشداری کۆنگرەی یاسایی ڕێکخراوەکەتان دەکەین کە لە بەرواری دیاریکراوی خۆیدا دەبەسترێت،و بەدڵ و گیانەوە پیرۆزبایتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین بە گفتوگۆ کردن و ئەنجامدانی بڕیار و هەنگاوی گرنگ و پێویست بۆ زیاتر بەرەو پێش بردنی خەباتە دێموکراسەکەتان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان.**

**ئاواتە خوازین کە ئەم کۆنگرەیەتان دەبێتە هەنگاوێکی گەورە بۆ بەهێزکردنی خەباتی ڕێکخراوەکەتان لەنێوان ریزەکانی لاوانی کوردستانی ڕۆژهەلات و دەبێتە هۆی گەشەکردنی تێکۆشانتان لە کۆمەڵگای کوردیدا، هەروەها بۆبەهێزکردنی پەیوەندییەکانی برایانەی نێوان هەردوو ڕێکخراومان.**

**بژی خەباتتان بۆ بەدەستخستنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد**

**بژی کۆنگرەی (5)ی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ڕێکخراوی لاوانی**

**پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی لە سوریا**

## پەیامی ڕێکخراوی توانـاسازی لاوانی کوردستـان

**بەڕێزان یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

**سڵاو و ڕێز**

**ڕێکخراوی تواناسازی لاوانی کوردستان KYEO گەرمترین و جوانترین سڵاوتان ئاڕاستە دەکات و بەناوی تەواوی کارمەند و خۆبەخشانی ڕێکخراوەکەمانەوە هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی نوێی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و دەستی ماندووی ئەندامانی خەباتگێری خاوەن مێژووی پڕ لە خەباتی یەکێتی لاوان و هەروەها ستاف و ئەندامانی نوێی ڕێکخراوتان دەگوشین.**

**خوازیارین کۆنگرە ببێتە سەرەتایەك لە قۆناغێکی تری نوێی کاری ڕێکخراوەکەتان و زیاتر قووڵ بن لە چارەسەر کردنی مەیدانیی کێشەکانی لاوان و کاری زیاتریش بۆ بەنێودەڵەتیی بوونی پرسی گەنجانی کورد بکەن.**

**ئەڵبەتە بەستنی کۆنگرەی نوێی یەکێتییەکەتان لە ساتێکی هەستیاردایە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەك و لە ئاستی هەرێمی کوردستانیش لەلایەکی تر. لێرەدا ڕۆڵی کۆنگرە زیاتر بە هەند دەزانرێت و بەرپرسیارێتییەکی قورستریشتان دەکەوێتە سەرشان و بۆیە لەوپەڕی قوڵایی دڵمانەوە خوازیاری سەرکەوتنتانین و هەربژین.**

**دووبارە ڕێز**

**ئە نجوومەنی کارگێڕی**

**ڕێکخراوی توانـاسازی لاوانی کوردستـان** KYEO

## پەیامی یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان

**بۆ/ یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**بابەت/ بروسکەی پیرۆزبایی**

**بە ناوی یەکێتیەکەمان ، یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی خۆمانتان ئاراستە دەکەین بە بۆنەی ئەنجامدانی پێنجەمین گۆنگرەی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتانەوە بەڵێنی هاوکاریکردنی ڕێکخراوەکەمانتان بۆ دووپات دەکەینەوەو بە هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەتانین، هیوادارین دانەبڕێن لە خزمەتکردنی لاوان و هەردەم سەرکەوتووبن.**

**بە هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان.**

### یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان
### مەکتەبی سکرتاریەت

## پەیامی ڕێکخراوی ( کوردستان بۆ شەفافیەت )

سلاو...

سەرەتا دەمەوێت دەست خۆشیتان لێبکەم بۆ بریاردانتان بۆ بەستنی کۆنگرەی 5 ی ڕێکخراوەکەتان هیوادارم سەرکەوتووبن و بە ئەنجامێکی دلخۆشکەرو بریارو راسپاردەی بە نرخ و پڕبایەخ بۆ توێژی لاوان کۆتا بە کۆنگرەکەتان بێت، هەر سەرکەوتووبن.

سەبارەت بە راو پێشنیاری من بۆ پەیڕە و بەرنامەکەتان:

سەرەتا بۆ پەیڕەوەکەتان:

* هەلگری تین مەشخەلیکی بەهێز لە ووشەکاندا بەدی ئەکەم ئەمە مانای خەبات و بەرخودان و شۆڕشگێری لێبەدی ئەکرێت، کە تایبەتن بە توێژی لاوان.
* لە تەوەری کۆنگرەدا باشترە هەولّ بدەن 4 سالّ جارێك کۆنگرە بکەن چونکە من بە باشی ئەزانم بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانتان بەشێوەیەکی باشتر، وە ئەندامانی ئەسلّی بگۆڕن بۆ ئەندامانی تایبەت بە ناوچەکەتان باشتر ئەبینم.
* سەبارەت بە کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی، هیچ کۆمێنتێکم نیە تەنها ئەگەر بیکەن بە کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆنگرە باشترە جونکە کاری ئەم کۆمیتەیە تایبەتە بە کاتی کۆنگرە.
* کۆمیتەی ئیجرای، هەبوونی باشە بەلاّم وابزانم کار کەمێك ئالۆز دەکات بۆ چاودێری کردن و گفتوگۆکان کاتتان لێ بەفیرۆ دەچێت بەم شێوە زنجیرەیە بەرپرسیاریەتیەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە، باشترە بیکەن بە بە دەستەی چاودێریکردنی کۆنگرە یان ستاف سەرپەرشتیاری کۆنگرە.

سەبارەت بە بەرنامەکەتان بۆ لاوان دەستانخۆش بۆ گشت خالّەکان هیچ کۆمێنتم نیە تەنها ئەکەر بکرێت خالّەکان شوێن گۆڕ بکەن بە زنجیرەی ئەولەویەت لە نەتەوەیی بۆ خزمەتی لاوان.

لەگەل ڕێزمدا

**مزەفەر فاخر**

**بەرپرسی ڕێکخراوی ( کوردستان بۆ شەفافیەت )**

## پەیامی رێکخراوی یاران بۆ چالاکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی

**بەڕێز: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**سڵاو و رێز...**

**ئێمە بەناوی رێکخراوی (یاران)ەوە دەستخۆشیتان لێدەکەین بۆ بەستنی کۆنگرەی (5)ی یەکیەتییەکەتان. بەڕێزان لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەرنامەی گشتی رییێکخراوەکەتاندا چەند خاڵێکتان باس کردووە کە بەدەرفەتی دەزانین لەگەڵ ئەو پەیامەدا تێبینییەکانی خۆمان باس بکەین:**

1- **"هەوڵدان بۆ جیایی دین لە دەوڵەت" بەڕاستی خاڵێکی زۆر گرنگە و هیواداریین بەجیددی کاری لەسەر بکەن چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی و چەسپاندنی لەبیری لاوەکاندا ئەرکی رێکخراوی ئێوەیە بەتایبەتی لەناو رێکخستنەکانی ئێوە.**

2- **دەستان خۆش بۆ ئەوەی کە پاڵپشتییەکی تەواو لە بیری نەتەوەیی و خەباتی گەلی کورد دەکەن و بەخەباتێکی رەوای دەزانن.**

3- **ئێمە هیواداریین زۆرتر ببنە ئەندام لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ داواکردنی مافی لاوان بەشێوەیەکی ئاشتیانە.**

4- **ئێمە هیواداریین کە بەرنامە و پرۆگرامی ئەو کۆنگرەیەتان ببێتە قوتابخانەی پێگەیاندنی نیشتمان پەروەران و رێکخراوەکەی ئێوەش لەپێشی پێشەوەی رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان لەئێراندا بێت بۆ خزمەت بە توێژی لاوان.**

5- **لەکۆتاییدا ئێمە بە ناوی رێکخراوی (یاران)ەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەین بەبۆنەی نزیك بوونەوەی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتییەکەتان. هیوامان وایە کۆنگرەی پێنج تەکانێکی کاری نوێ بێت لەناو رێکخراوەکەتان و ئێمەش وەك رێکخراوی (یاران) ئامادەین لەهەر یارمەتیدانێك.**

**لەگەڵ رێزدا...**

**ئارام کاکەیی**

**سەرۆکی رێکخراوی یاران بۆ چالاکی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی**

## پەیامی یەکیەتیی خوێندکاری دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێز: لێژنەی بەرێوەبەری کونگرەی پێنجەمی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاوی خەبات و تێکۆشان

سەرەتا بەبۆنەی دەسپێکی کونگرەی پێنجەمی یەکیەتی لاوانی دێموکرات، بەناوی یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوادارین ئەم کونگرەیەتان گڕ و تینی زیاتر بداتە خەباتی توێژی لاوانی کوردستانی ئێران، بۆ بە وەدیهێنانی ویست وداخوازیی ڕەوا و شیلگیر بوونتان لە ڕێبازی خەباتدا.

ئەندامانی بەڕێزی کونگرەی لاوان:

لە سەدەی شۆڕشی زانیاری، ئینفورماتیک، زانست، زۆر خێراتر لەجاران پەرەدەگرێ و ماسمیدیا تەقینەوەیەکی بەرینی بەخۆوە دیوە وباس لە گولوبالیزەیشن بۆتە وێردی سەرزمان، هەر بۆیە ئەرکی لاوی کورد قورستر لە جارانە وپێویستە لەم قۆناغەدا ئامادەیی و چاوکراوەیی تەواو یان هەبێ و لە کاروانی زانست بە جێ نەمێنن. هەر بۆیە یەکیەتی لاوان پێویستی بە بەرنامە و پەیڕەوێکی نوێ و سەردەمبانە بۆ درێژەدان بە خەبات وتێکۆشان هەیە. دڵنیاین کە لەم کونگرەیەدا، لە ڕوانگەی هەستکردنی مەسئوولانەی ئەندامانی کونگرە، لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی وردتان دەبێ.

بەرێزان:

لەمانگی جۆزەردان شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێران بەرێوەچوو. لەم شانۆ سازیە دا بۆ خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کورد بە تایبەتی ئاشکرا کرا کە کۆماری ئیسلامی دەنگدانی بۆ گرنگ نیە، چونکە خەڵکیان دەوێ بۆ چوونە سەر سندووق واتە خەڵك تەنیا بۆ دەنگداتن نەك بۆ هەڵبژاردن ، کاری هەڵبژاردن ودیاریکرنی سەرۆك کۆمار لە لایەن خامنەیی دیاری دەکرێ و خەڵك تەنیا بۆ دەنگ دان و ڕەوایی دان بە

دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندەکان دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگ دان. تەقەلووب کردن، کەڵک وەرگرتن لە دەنگی خەڵک بۆ ڕەوایی دان بە دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران شتێکی تازە نیە و هەر لە ماوەی تەمەنی ڕژێم دا هەبووە وهەیە.
لە کۆتایی دا هیوادارین کونگرەکەتان بە یەکیەتی ویەکدەنگی، سەرکەوتووانە کۆتایی پێ بێت و بە گڕ و تینێکی شۆڕشگێرانەوە بەرەو ڕووناکی و ئازادی هەنگاو و هەڵبگرن.

لەگەڵ ڕێزماندا...

**یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

## پەیامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

بۆ بەڕێز/ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سلاوێکی دادوەرانە

بەناوی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، دەستخۆشی لە بەڕێزتان دەکەین بۆ سازدانی ئەم کۆنگرەیە کە هەوڵدانە بۆ بەرەوپێشخستنی توێژی لاوان و بەشداری کردنی بیری نوێ لە بەرەوپێشچوونی ئامانجەکانتان، بۆیە ئێمەش داوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین و هیواداین لە هەڵبژاردنی ئەندامانی نوێ بۆ ڕێکخراوەکەتان سود لە ئەزموونی وڵاتانی تر وەربگرن و کەسانێك ببنە ئەندام کە لە ڕاستیدا توانایان باش بێ، لێهاتوو بن و کەسانی دڵسۆزبن بۆ نەتەوەکەیان، لەبەر ئەوەی ئەزموونی ئەمڕۆی کورد وا دەخوازێت کە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکان و بەرو پێشبردنی کار لەسەر ئەو کەسانە بکرێت، کە دڵسۆزانە و بەپەرۆشەوەن بۆ وڵاتەکەیان. دیارە ئێوەش لەماوەی کارکردنتاندا توانیوتانە چالاکانە ڕۆڵ بگێڕن و هیواداین کە ئەو کۆنگرەیەش زیاتر هانتان بدات بۆ ئەوەی پشتگەرمتان بکات لەپێناو وەرگرتنی مافەکانتان.

بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەو کاتەدا پێویستی بە بە خوێنیگەرم و بیری ڕۆشنبیری هەیە کەلەگەڵ قۆناغی ئێستاماندا بگونجێت و ببنە ڕێڕەوی توێژێکی گرنگ کە لاوانن و پەروەردەیان بکات. گوێگرتن لە داخوازی و داواکارییەکانی لاوان و هاوکاریکردنیان لە ئاستی پێویست زیاتر لەکاری سیاسی دلگەرمیان دەکات. پێداچوونەوە بە پەیڕە و پرۆگرامی کۆنگرەی رابردوو و دەستنیشان کردنی خاڵ لاوازەکان و هەروەها بەهێزکردنی ئەو خاڵانەی کە دەتوانێ لەو ڕێبازەی گرتوتانەتە سەرکەوتنتان بۆ مسۆگەر بکات و ئەو دروشمەی لە کۆنگرەی داهاتوو هەڵیدەگرن دەبێ دروشمێك بێت کە جێبەجێکاری موعانات و هیوای دوارۆژتان بێت. کەڵك وەرگرتن لە کەسانی لێهاتوو لە دەرەوەی وڵات و ئەوانەی ئەزموونی سیاسیان هەیە تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری

**لەبەرەوپێشوونی بەرنامەی داهاتووتان دەکات و تەنانەت دارشتنی بەرنامەیەکی گونجاو کە لە ئاست پێداویستی گەنجان بێت.**
**دووبارە پیرۆزباییتان لێدەکەین و داوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین**
**لەگەڵ ڕێزمدا...**

**دکتۆر کوردستان موکریانی**
**سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان**

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**پەیام بۆ پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**بەڕێز ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

**ئەندامانی هێژای پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان!**

**بە بۆنەی بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکەتانەوە، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو سەرجەم ئەندامانو لایەنگرانی ڕێکخراوەکەمان پێشکەشتان دەکەینو ئاواتمان سەرکەوتنی ئێوەو کۆنگرەکەتان لە گەیشتنو وەدیهاتنی ئامانجە دەستنیشانکراوەکانییەتی.**

**بە هۆی ئەو فاکتەرە کۆمەڵناسانەیە کە داهاتووی هەر کۆمەڵگایەك بە دەستی نەسلی لاوی ئەو وڵاتە بەڕێوە دەچێتو گەشە دەکات، لاوان ئەمڕۆ دیاریکەری شێوەو چۆنییەتیی ژیانی داهاتووی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەن، هەروەها بە هۆی ئەو تایبەتمەندیی تەمەنیی لاو، کە تاکێکی چالاكو پڕ وزەو بەورەو ماندوونەناس و هتد...، ڕۆڵێکی کاریگەر لە بەرەوپێشچوونی جفاڤکدا دەگێڕێت، هەربۆیە ئێمە نەخشو باندۆری ئێوە لاوانی خوێنگەرمی دێموکراتی کورد لە پێناو چاکسازیو گەشەپێدانو ڕزگارکردنی وڵاتەکەمان بە کوڕو کچانەوە، بە شێوەیەکی یەکسانو شانبەشانی یەکتر بەرز دەنرخێننو باوەڕێکی قوولو پتەومان بە ڤینو ئیرادەی پێکهاتەشکێنو خەباتگێری ئێوە هەیە.**

**یەکەمین ئەرکی پێویستو سەرشانی هەموو لاوێکی کورد، سەرەڕای خوێندنو پەروەردەی زانستی، خەباتو تێکۆشان لە هەموو شێوازەکانیدا لە پێناو ڕزگاریی نیشتمانە بندەستەکەمان، واتە کوردستانە کە هێشتاو لە سەدەی بیستو یەکەمیشدا لە ژێر دەستی داگیرکەران دایەو چینو توێژەکانی نەتەوەکەمان هێشتا ناتوانن ژیانێکی ئینسانیو شیاوی نۆرمەکانی سەردەمی ئەمڕۆ بەخۆیانەوە ببینن. بۆیە دەبینین لە هەر**

هەل‌و دەرفەتێکدا کە لە ئێرانی دیکتاتۆرلێدراودا، دەرەخسێت، لاوانی شۆڕشگێری نەتەوەکەمان لە ریزی پێشەوەی هەموو جۆرە خۆپێشاندان، مانگرتن‌و حەرەکەتە مەدنی‌و ئاشتیخوازانەکان جێ دەگرن. ئەوان بە باشی هەستیان بەو راستییە کردووە کە چارەنووسیان دەبێ بە دەستی خۆیان‌و بەپێچەوانەی ئەوەی ئێستا هەیە، دیاری بکرێت، هەربۆیە تێدەکۆشن سیستەمی دیکتاتۆری زوڵم‌و زۆرداری لە نێو بەرن‌و کۆمەڵگایەکی ئازاد، دێموکراتیک‌و یەکسان دابمەزرێنن.

پێکهاتنی پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتی‌یەکەتان لە هەلومەرجێکی بە تەواو جیاواز لە سی ساڵی رابردووی وڵاتەکەماندا، هێندێك ئەرکی قورس‌و مێژوویی دەخاتە سەر ئەندامانی کۆنگرە کە بە لێکدانەوەو شەرۆڤەی وردو هەمەلایەنەو خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی هەموو راستییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان‌و ئێران، تا بڕیاری پێویست لە سەر هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و فەرهەنگیی لاوانی نیشتمان بدەن.

کۆمەڵگا دەتوانێ فەزاو چوارچێوەیەکی شیاوو لێهاتوو بۆ گەشەکردن‌و بەرەوپێشچوونی لاو بێ، بەڵام کۆمەڵگای ناسالم دەبێتە هۆی پێکهاتنی رووحی ناسالم‌و بێبەشبوونی کۆمەڵ لە هێزو توانایی‌و کاریگەریی لاو وەك هێزی چالاك‌و گۆڕانسازو ئافرێنەر. سیاسەتێکی نامرۆڤانەو نابەرپرسانە کە لە سی ساڵی رابردوودا دەسەڵاتدارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵیان بۆ داوە کە کۆمەڵگای ئێمە ببێتە شوێنێکی ناسالم.

بە هیوای سەرکەوتنی ئێوەو کۆنگرەی پێنجەمتان لە پێناو ئامانجەکانیدا.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی**

## پەیامی ڕێکخراوی رابوونی خوێندکارولاوانی کوردستان

بەرێز/لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان - ئێران

سلاّوی زانست و نوێخوازی

بەناوی مەکتەبی سکرتاریەت و کادیرو تەواوی هاورێیانمان لە رابوونی خوێندکارولاوانی کوردستان، پیرۆزبای گەرمی بەستنی کۆنگرەی پێنجەم لەسەرجەم بەشداربوانی کۆنگرە و ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان دەکەین،بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی ڕێکخراوەکەتان لە ئان و ساتێکدایە کە بارودۆخی کوردستان لەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردنێکی چارەنوسازدایە بە ئاقاری گۆرانکاری ریشەیی لە هەرێمی کوردستاندا، کە رەنگە ئەمە وابخوازێت گۆران لە کاروبەرنامەو پلانی ستراتیژی ڕێکخراوەیدا بکەین ئومێدەخوازین کۆنگرەکەتان واقیعیانە بەرنامەرێژی کارەکانی ئایندەتان بکات، بتوانێت هەڵوەستەی جددی لەسەر کێشەو گرفتەکانی گەنجان و دیراسەکردنی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بکات.

ئێمە لە رابوونی خوێندکارولاوانی کوردستان بە بایەخەوە لە کاروچالاکیەکانی ڕێکخراوەکەتان دەروانین و خۆمان بە دۆستی نزیکتان دەزانین وە هیواداریـن لە داهاتودا بتوانین گرنگی زیاتر بە پەیوەندیەکانی نێوانمان بدەین و کاری هاوبەش لە پێناو خزمەتکردن بە رۆڵەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بکەین، ئێوەی رۆڵەکانی ئەم نیشتمانە وێرای ئەرکە مەدەنیەکان ئەرکێکی قورستر لە سەر شانی ئێوەیە ئەویش ئەرکە نیشتمانیەکانە کە جێگەی بایەخی هەمووولایەکمانە پێویستە نەبەردانەو خۆراگرانە رووبەروی دوژمنانی گەلەکەمان ببنەوەو یەکریزی و تەبایی نێوانتان بپارێزن، دووبارە هیوای سەرکەوتن بۆ کارەکانی کۆنگرەی پێنجەمی ڕێکخراوەکاتان دەخوازین.

سلاّو بۆ سەرجەم شەهیدانی ڕێگای رزگاری و ئازادی

سەرکەوتوو بێت خەباتی مەدەنیانە لە کوردستان

**رابوونی خوێندکارولاوانی کوردستان**

**مەکتەبی سکرتاریەت**

**پەیامی ڕێکخراوی لاوانی سەردەم**

**بەڕێزان سکرتێر و کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**سڵاوی لاوانی سەردەم...**

**بەناوی سەرۆك و دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوی لاوانی سەردەم، گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەین بەبۆنەی بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتییەکەتان، هیوامان وایە بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرەکەتان لە بەرژەوەندی ئەمڕۆ و ئایندەی لاوانی کوردستان بێت، لەپێناو هێنانەدی خواست و داخوازییەکانی لاوان بێت. لەپێناو ئاراستەکردنی سەردەمیانەی کۆمەڵگا و هەوڵدان بۆ کاراکردن و بەگەڕخستنی ئەو هێز و وزە زۆرەی ئیرادەی لاوانی کوردستان بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بتوانێ زیاتر ڕۆڵی خۆیان لە گشت کایەکاندا ببینێت بەتایبەت بەشداری بەهێز و کاریگەر لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاری سیاسی لە کوردستان.**

**ئێمە لە ڕێکخراوی لاوانی سەردەم، بەهەموو شێوەیەك پاڵپشت و هەماهەنگی هەموو رەوت و جوڵانەوەیەکی لاوان دەبین کە بەشێوازێکی سەردەمیانە لە بەرژەوەندی لاوان بەڕێوە ببرێت.**

**دووبارە و دەبارە پیرۆزباییتان لێدەکەین، هیواداڕین هەر بەردەوامی بە خەبات بدەن و سەرکەوتوو بن.**

**هەر بژین بۆ کوردستان....**

**ڕێکخراوی لاوانی سەردەم**

**دەستەی کارگێڕی**

## پەیام و پێشنیاری ڕێکخراوی ڕێکخراوی کیمیاباران و ئەنفالکراوانی بالیسان و دەوروبەری

**بۆ/ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**سلاوێکی شۆڕشگێڕانە**

**پێشەکی پیرۆزباییەکی گەرمتان ئاراستە دەکەین و دەست خۆشیتان لێدەکەین و ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین، هیواداریین سەرکەوتوو بن و جێی ئومێدی لاوانی میللەتەکەمان بن و ئاواتەکانیان بێننەدی.**

**لەگەڵ ڕێزماندا چەند پێشنیارمان هەیە ئەگەر لێمانی قبوڵ بکەن پێشنیارەکانمان ئەمانەن:**

1- **پێویستە هەوڵبدرێت بۆ راهێنانی لاوان لەسەر خۆشویستنی وڵاتەکەیان و خۆبەخت کردن لە پێناوی دا.**

2- **پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ تێگەیاندنی لاوان لە دوبارەنەبوونەوەی کارەساتی لاوانی ئەوروپا و لانەدان لە بەها مرۆییەکان و زەرڕ گەیاندن بە تەندروستی و بە بیر و بۆچوونیان، چونکە لاوانی ئەوروپا زۆربەیان تووشی لادانی ئەخلاقی و خورەوشتی نا ئینسانییان بۆتە هۆی تووش بوون بە کارەسات و ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوچوونی جەستە و بیرو هۆشی ئەم لاوانە. بۆنموونە:**

- **تێکچوونی شیرازەی خێزانی و گەڕانەوەی ئینسان بەرەو نەزانی و دەبێتە هۆی چەندەها نەخۆشی وەك ئایدز و چەندەها نەخۆشی تری کوشندە.**
- **بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان ی وەك تریاك و هێرۆیین و حەشیش و هتد.**

**ئەو مادده هۆشبەرانە ئینسان لە ئینسانی دێخێت و ناتوانێت بیر بکاتەوە، نە لە خۆی و نە لە دەوروبەری خۆی، کە نەیتوانی بیر لە خۆی و دەوروبەری بکاتەوە چۆن دەتوانێ بیر لە گەل و نیشتمان بکاتەوە. دەبێت لاوەکانمان وا فێر بکەین کە هەموو بیر و هۆشیان لەلای رزگاری گەل و میللەتەکەیان بێت بۆ بەرەو پێش بردنی زانست و زانیاری گەشەسەندنی وڵاتەکەیان هەوڵ بدەن، چونکە گەل گەنجی ساغی هەبێت بیرکردنەوەی باش دەبێت و دوارۆژێکی باش و پڕشنگدار لە ناو ئەم گەلەدا دەبێت. دوژمنانمان زۆر هەوڵ دەدەن بۆ پوچەڵ کردنی مێشکی لاوانی کورد ئەوجا بە هەڵخەڵەتاندنی لاوان بە پارە و مەنسەب چ بە رابواردن و لادانی ئەخلاقی لاوەکانمان، لە لەبیرکردنەوەی خەمی گەل و نیشتمان دەیانەوێت ئەم تاقمە بەهێزەی کۆمەڵگا ئیفلیج بکەن بۆ ئەوەی گەلی کورد نەتوانێ سوودیان لێوەربگیرێت و ئەم گەنجانە تەوەلا بن بە**

ئەفکاری دژە ئینسانی و دژی خودی خۆشیان،چونکە هەر تاکێك هۆشی نەبوو بیر لە خودی خۆی بکاتـەوە و خـۆی بپارێزێـت لـە نەخۆشـی جەسـتەیی و لـە تێکچـوونی ئـەفکاری، دەبێتـە هـۆی لەناوچـوونی وە گـەنجێکی بـێ هێـز و بـێ توانـا دەبێـت و نـەخۆی و نـە خانـەوادەی سـوودی لێوەرنـاگرن و سـودی بـۆ گـەل و نیشـتمانەکەی نابێـت. هـەروەها دەبێتـە ئـەرك بەسـەر شـانی خانەوادەکـەیی و کۆمەڵگاکـەی لـەجیاتی ئـەوەی هێـز و توانـای بـەکار بهێنرێـت بـۆ تێکۆشـان و بەرخودان دەبێت چەند کەسێك خەریك بن بە چارەسەرکردن و چاودێری ئەو لاوانە و بەشێك لە داهاتی ئەو خانەوادەیە و گەلەکەی تەرخان بکرێت بۆیان، ئەوجا دوژمنانمان دوو جار سوود وەردەگرن، جارێك لە تێکدانی مێشکی لاوێك بۆ بەکارهێنانی خانەوادە و مەشغوڵ بوونیان و جارێکیش بۆ لەدەست دانی دارایی، ئـەوەش هۆیـەکی گـرنگ دەبێت بـۆ لـەبیر کردنـی مەسـەلە پیرۆزەکـەی میللەتەکـەی بۆیـە دەبێـت زۆر وریـا و هەسـتیار بـین بـۆ پێگەیانـدن و تێگەیانـدنی لاوەکانمان و لە سوود وەرگرتنی خـراپ لێیـان نەبنـە هۆکـاری خـراپ بەرامبـەرمان راسـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ نەبنە ژەهر دژمان بەکاریان بێنن و گەلەکەمانی پێ زەعیف بکرێت.

پێگەیانـدنی لاوی هۆشـیار، زانـا و لەشسـاغ پیگەیانـدنی گـەلێکی زانـا، ئـازاد، ئاسـوودە و خۆشبەختە.

هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو گەلی کورد و کوردستان بەتایبـەتی لاوانـی خـەباتگێڕی گـەلی کوردی ژێر دەستی پارچە چارچەکراوی نیشتمانی کوردستان.

خەباتی گەورەترین گەلی سەر رووی ئەم جیهانە کە تاکوو ئێستا داگیرکراو و ژێـر دەسـت بێت گەلێکی 50 تا 55 میلیۆنی نیشـتمانەکەی دابـەش کرابێت گەلەکـەی ژێـر دەسـت و داهاتەکەشـی بـە پێچـەوانە بـەکارهاتبێت لـەجیاتی بـەکارهێنرابێت بـۆ خـۆش گـوزەران، بەکارهاتووە بۆ لەناو بردن و کیمیاباران و ئەنفال (جینۆساید)کردنی گەلەکەی.

انشاألله ئـەم کۆنگرەتـان کـۆنگرەی سـەرکەوتنی یـەك جارەکی گـەل و نیشـتمانی کـورد و کوردستان دەبێت و کۆنگرەیەکی تر لە نیشتمانی ئازاد و سەربەخۆ دەکەن.

لەگەڵ رێزماندا

**سابیر خۆشناو**

**سەرۆکی رێکخراوی کیمیاباران و ئەنفالکراوانی بالیسان و دەوروبەری**

## پێشنیار و راسپاردەکانی ناوەندی ئاینده بۆ پرسەکانی گەنج
## بۆ کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

سلاو و رێز...

بەرلەهەر شتێك بەناوی خۆم و ستافی کار لەناوەندی ئاینده بۆ پرسەکانی گەنج، پیرۆزبایی ئاراستەی پێنجەمین کۆنگرەی یەکێتیەکەتان دەکەین و لەهەڵسوڕێنەرانی کۆنگرەکەتان دەستخۆشی دەکەین و هیوای ماندوونەبونیان بۆ دەخوازین، پێمان وایە بڕوابوون بەبەستنی کۆنگرە بڕوابوونە بەنوێبوونەوە و قبوڵکردنی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلات، کەیەکێك لەپرەنسیپە هەرەگرنگەکانی قەناعەتبوونە بەسیستمی دیموکراسی.

بەڕێزان رێکخراوەکەتان ئەرکێکی قورسی نیشتمانی و نەتەوەیی لەئەستۆیە، لەو سۆنگەیەوە کە گەنجان و لاوان و پێگەیانـدنیان بەندازەیەك کە بەگیانی هەستکردن بەبەرپرسیارتیەوە کاربکەن بۆ بەدیهێنانی ئایندەیەکی گەشی سیاسی" لەکوردستانی گەورەدا" چونکە دڵنیاین کە بەتێپەڕبوونی کات رەوشی سیاسی لەئێراندا گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەرکی بەڕێوەبردن و جڵەوی سیاسی دەکەوێتە دەستی ئەو لاوانەی ئەمرۆ ئێوە کاریان لەسەر دەکەن، بۆیە ئەرکتانە کە ئینتمای نیشتمانی و نەتەوەیی لە ناخ و هەستی ئەولاوانەدا بچێنن.

ئێمە وەك ناوەندێك کە کارمانکردووە و کاردەکەین لەپێناو پرسەکانی تایبەت بەگەنجان و لاوان، شانازی بەوەوە دەکەین کە بەهەندێك پێشنیار و سەرنج بەشداری لەدەوڵەمەندکردنی بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی یەکێتی لاوانی دیمکراتی کوردستان ئێران بکەین.

1. سوربوونتان لەسەر بڕوابوون بەپرەنسیپەکانی دیموکراسی بلاوکردنەوەی لەناو لاوان لایەنگرانتاندا.
2. کارکردن لەپێناو دروستکردنی قەناعەتی پێکەوەژیان و یەکتر قبوڵکردن، هۆکاری بەدیهێنانی ئامانجە گشتیەکانە.

3. کارکردنتـــان لەســـەر فراوانکردنـــی پاشـــخانی مـــەعریفی گـــەنجان و لاوان، لەڕێگـــەی تێگەیاندیان لەچەمك و مەفاهیمەکانی ئەمرۆی دوونیای پێشکەوتوو: لەوانە دیموکراسی، هـاولاتیبوون، ئـالۆگۆڕی ئاشـتیانەی دەسـەلات، مافـەکانی مـرۆڤ، دەولـەتی یاسـا، دەسـتور، هەلبژاردن، کۆمـەلگای مـەدەنی و ...هـیتر.کـە ئەمانـە دەتـوان لاوانێکـی پێشـەوا و قیـادی بەرهەم بهێنن.
4. کـارکردن لەسـەر راهێنـان و پێگەیانـدنی لاوان لـەبواری بەشـداری سیاسـی، کەئـەم پرسـە گرنگی تایبەتی هەیە، ئەبێت لەڕێگەیەوە ئەو هۆشیارییە دروست بکرێت کـە بەشـداری کردن مافـە نـەك ئـەرك، کەسێك کـە لەبەشـداری دورکەوێتـەوە بەدەسـتی خـۆی یـەکێك لەمافە سەرەتاییەکانی خۆی پێشێل دەکات.
5. کـارکردن لـەپێناو ئـەوەدا کـە گیـانی سـیقە و متمانـە لـەنێو توێـژی لاوانـدا بچـێنن، و لەهەنگاوەکانیاندا ئەو متمانەیە هێزیان بداتێ.
6. جەختکردنەوە و سوربوونتان لەسەر کۆی ئەو پرانسیپانەی کە ئێوە لە بەرنامەی گشتی یەکێتیەکاندا خستووتانەتە بەردەم ئاماژە.
7. هەولـدان بـۆ پێگەیانـدنی گـەنجان لـەڕووی کۆمەلایـەتی و بڕوابونیـان بـە هاوسـەنگی رەگەزی و چەمکی جێندەر.
8. تەشجیع کردنی ئەو لاوانەی لەپرۆسەی خوێندان بەوەی زیاتر گرنگی بەخوێنـدن و خـۆ پێگەیاندن بدەن.
9. هـەوڵ بـدەن کتێـب و خوێندنـەوە لـەلای لاوان خۆشەویست بکـەن، چـونکە خوێندنـەوە عەقلێکی کامڵ بەرهەم دەهێنێت.
10. یارمەتیـــدانی لاوان و قوتابیـــان بـــۆ ئاشـــنایەتی پەیـــداکردنیان لەگـــەڵ تەکنـــەلۆژیا و دەرهاویشتەکانی بەتایبەت کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت.
11. کارکردنتان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەو لاوانە کـە لـەڕووی کۆمەلایەتیـەوە توشـی کێشـە دەبـن، بۆیەکێتیەکـەتان گرنگـە ببێتـە بەشـێك لەخەمـەکانی لاوان، ئـەم کـارە دەتوانرێت لەڕێگەی بەشێکی تایبەت لەناو یەکێتیەکەتاندا بەدی بێت.

12. هاندانی گەنجان و لاوانی بۆ دورکەوتنەوە لەسەر بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، ئەم پەیامەتان دەبێت تەنانەت بگەیەندرێتە لاوانی ئێران، و تێگەیاندیان لەوەی کە بلاّوکردنەوە و گیرۆدەکردنی لاوانی کوردستان بە بەکارهێنانی ئەم مادانەوە مەرامێکی تەواو سیاسی لەپشتە و ڕێگەیەکە بۆ ئیفلیج کردنی لاوان لەڕووی جەستەی و هزرییەوە.
13. بۆیەکێتیەکەتان گرنگە لەچوارچێوەی تۆڕو گروپەکاندا، وجودی هەبێت بەتایبەتی ئەو تۆڕانەی کە بۆ بەرەوپێشچوونی ڕەوشی لاوان کاردەکەن و دەبنە چاودێر و فشار بەسەر دەسەلاّتەوە.
14. گرنگە یەکێتیەکەتان بڕوای بەکارکردنی پێکەوەی هەبێت تەنانەت لەگەڵ حیزب و حکومەتدا، بەمەرجێك ئەم پەیوەندییە بەنیەتی خزمەتکردن بێت بەتوێژی لاوان.

**سەرکەوتن بۆ گۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیەکەتان**

**لەگەڵ ڕێزی**

**فازڵ عومەر**

**بەرپرسی ناوەندی ئایندە بۆ پرسەکانی گەنج**

## پەیامی ناوەندی "نێرگز"

**بەڕێز یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**لاوانی خەباتکار و ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرە**

**لەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە لەلایەن ناوەندی تازە بنیاتنراوی "نێرگز" بۆ پەروەردەی فیکری و هونەری منداڵان و مێرمنداڵانی کوردستانی ئێران، پیرۆزبایی بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی ئێوەی بەڕێز دەکەین و هیواداریین ئەم کۆنگرەیەتان ببێتە مایەی شانازی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان کە میراتی خۆشەویستی کۆمارە جوانە مەرگەکەی کوردستان و بەرهەمی خوێنی شەهیدانی لاو و قارەمانانی کوردستانە.**

**لاوانی خەباتکار و شۆڕشگێڕ**

**لاوان، کانگا و هێزی ڕادیکاڵی گۆڕان و چاکسازیی پۆزەتیڤانە لەهەموو سەردەمێکدا بوون. دنیای مۆدێرن و پێشکەوتووی ئەمڕۆش بەبێ ئەندێشە و هزری لاو ناتوانێ خۆی لە هەمبەر داهاتوودا ڕێك بخا و نوێ بکاتەوە. هەربۆیە لە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییدا، لەسەردەمی تەقینەوەی "بینگ بەنگ" و بەهەواداچوونی هەموو چەقبەستوویییەکان، لاوان وزە و هەناسەی زیندوو مانەوە و ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان بۆ گەیشتن بە پێشکەوتن و شارستانییەتدێنە هەژمار. هەر لەم پێوەندییەدا هیواداریین بەرهەمی پێنجەمین کۆنگرەتان ببێتە مایەی پێشکەوتنی هەرچی زیاترتان و بەرفراوان کردنەوەی پێوەندی لەگەڵ لاوانی ئازادیخواز و خوێندکار لەنێوخۆی کوردستان و خەبات بۆ وەدیهێنانی مافەکانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، لەپاڵ مافە ڕەواکانی لاواندا بەتایبەت گەورەترین گرووپی تەمەنی و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی ئێران واتە منداڵان و مێرمنداڵان.**

**جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەم دەسکەوتە مەزنە واتە پێنجەمین کۆنگرەتان لێدەکەین و هیواداریین سەرکەوتوو و سەرفراز بن.**

**بەسپاسەوە**

**لێژنەی باڵا و بەڕێوەبەری ناوەندی نێرگز**

## پەیامی ناوەندی چاك

**بۆ کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ئەندامانی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئێران**

**خوشکان، برایان**

**میوانانی بەڕێز**

**ئامادەبووانی خۆشەویست**

**بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی 5 یەکێتییەکەتانەوە، بەناوی یەکە بە یەکەی ئەندامانی ناوەندی چاکەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمانتان ئاراستە دەکەین و هیواداریین بە سەرکەوتنەوە لە کۆنگرەتان دەرچن.**

**لاوان هەمیشە باسکی پۆڵاینی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بووە، یەکێتییەکەی ئێوەش لەو بوارەدا کەمی نەکردووە و درەنگ نەهاتووە، هەزاران قوربانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە.**

**ئێمە شانازی بە پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتییەکەتان دەکەین و هیواداریین لە کۆنگرەکەتان بەو ئاکامە دەربچن گرنگی زیاتر بە پرسی جینۆسایدی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانە ئازیزەکەمان بدرێت و خەبات بکەین بۆ بە دادگایی گەیاندنی تاوانبارانی کۆمەڵکوژییەکانی خەڵکی کوردستان.**

**ڕێز و ستایشمان بۆ یەکە بە یەکەی ئەندامانی کۆنگرەکەتان**

**شاد و سەرکەوتوو بن**

**چاودێری کوردۆساید-چاك**

## پەیامی پیرۆزبایی ناوەندی یەکیەتی کوردان لە سوئێد

ئەندامانی کۆنگرە !

میوانـــە بەڕێزەکان !

بە ناوی بەرێوەبەرایەتی گشتیی ناوەنـــدی یەکیەتی کوردان لە وەلاتی سوئێد بە بۆنەیی دەست پێکردنـی کارەکـانی کـۆنگرەی پێنجـەمی رێکخـراوی یەکیـەتی لاوانـی دێمـۆکرات پڕبەدل پیرۆباییتان لێ دەکـەین وهیـوادارین کۆنگرەیەکـــی پڕدەسکەوت وسـەرکەتووتان هـەبێ و بڕیارەکـانی کـۆنگرە لـە خزمـەت بـەرەوپێش چـوونی ئامانجـە پیرۆزەکـانی دۆزی رەوای گەلەکـەمان بـێ و بەرژوەنـدی لاوانـی ئێـران بـە گشـتیی ولاوانـی کوردسـتان بـە تایبەتی لەبەرچاو بگیرێ.

لاوانی دێـمۆکرات !

ئێـوە لـە هەلۆمــەرجێك کـۆنگرەی پێـنج دەسـت پێدەکـەن کـە وەڵاتەکـەمان ئێـران بــەقۆناغێکی ئاســتەم وهەســتیاری سیاســی ومێــژووی تێدەپــەری، لــە مــاوەی دوایــی راگەیاندنی ئاکامی هەلبژاردەنەکانی سەرۆك کۆماری رژیمی ئاخوندی لە ئێرانـدا، بـزاڤی بــەهیزی جــەماوەری خرۆشـاوی نـارازی کـە لەچوارچـێوەی خۆپێشـاندانی هێمنانــــە ودروشمی دژی رێبــەر وسەرۆك کۆمارەکەی، ئەحمــەدی نژادی تێروریست خۆدەنوانـد، تارانی پایتەخت وهەندیك شاری گەورەی وەڵاتی هەژانـــد و تامی تاڵی ئاکامی سیاسـەتی کێشـانی خـەلك بـەرەو سـەندوقەکانی دەنگـدان و نێشـاندانی خـەلکی بـوونی رژیمێکـی گەندەڵ ودواکەوتووی زیاتر لە رابردوو بۆ خەلك و وڵاتـانی جیهان روون کـردەووە و بـۆ هەموو لایەك ئاشکرا بوو کـە لـە سیسـتمی وەلایـەتی مۆتلەقـەی فەقیـە دەرەتـانی گـۆران نییە و دەنگی خەلك چارەنووسی وڵات دیاری ناکات. ئەوەی لێرەدا گرنگ بێ، هەم ڕۆلی بەرچـاوی لاوانـــی ئێـران لـەم خۆپێشـاندانەدا وهــەمیش پشـتیوانی یەکیــەتی لاوانــی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە بزوتنەوە ئازادیخوازانـەی خـەلکی ئێـران بووکـە ئێمـەش لە ناوەند هاودەنگ هەلوێستی هاوشێوەمان هەبوو.

هاوڕییانی ڕێبازی شەهیدانی ڕێبەرمان !

ناوەندی یەکیتی کوردان بە چاوی ڕێز چاو لە تێکۆشانی ئێوە دەکات ورۆلی لاوان لە ڕێبەرایەتی ڕێکخراوەکەمان بە کارساز دەزانی و هەموو هەولی ئێمەئەوە بووە لەو تریبوونە نێونەتەوەیە کە لە ناو ڕێکخراوەکانی پارێزەر مافی مرۆڤ و گەشەی دێمۆکراسی بۆ ناوەندی یەکیەتی کوردان رەخساوە بۆ ناساندنی ئێوە، لاوانی دێموکرات و پێناسە کردنی داواکانتان کەلك وەربگیرێ هەر بۆیە جگە لە ئەندامەتی راستەوخۆی بەرپرسی لاوانی دیمۆکرات لە بەرێوەبەری گشتیی ناوەندی یەکیەتی کوردان لە وەلاتی سوئێد، ئەندامانی یەکیەتی لاوان لە کۆمسیۆنی نیوە نەتەوەیی ناوەندیش چالاکانە لە تێکۆشاندان، ئەم ستراتژیکەی ناوەند لە ئاکامی ئەم پرسی گرنگە دارێژاوە. بۆیە درێژە بەم سیاستە دەدەین کە بەرژوەندی گشتیی رێبەری جۆلانەوەی حەقخوازانەی گەلەکەمانی بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی ودێمۆکراسی ومافی رەوای نەتەوایەتی بە دواوە هەیە.

ناوەند بە لەرچاوگرتنی رۆلی گرنگی لاوان، لە داهاتوو دا لە گەل بەرێوەبەرایەتی گشتیی لاوان لە کوردستان بە مەبەستی بەرێوەبردنی پرۆژەیی هاوبەش هاوکاری زیاتر دەست پێدەکات و لە سوئێدیش درێژە بە هاوکاری لە گەل یەکیەتی لاوان دەدات.

نوێنەرانی لاوانی دێمۆکرات!

ئێمە جارێکی دێکە وێرای خۆشحالی دەربرێن سەبارەت بە دەست بە کاربوونی کارەکانی کۆنگرە ،ئاواتخوازین لاوانی دێمۆکرات بە سەرکەوتن کۆنگرەی پێنجەم بەرەو کۆتایی بەرن و هیواداریین هەمیشە سەرکەتوو بن.

**ناوەندی یەکیەتی کوردان لە سوئێـــــــد**

## بروسکەی پیرۆزبایی ڕێکخراوی ئێراقی ئەمڕۆ

**بەڕێزان/ یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**سلاوێکی شۆڕشگێڕانە**

**بەبۆنــەی بەســتنی پێنجــەمین کــۆنگرەی یــەکێتی یــە شۆڕشــگێڕەکەتانەوە گــەرمترین پیرۆزبـایی ئاراسـتەی ئێـوە و سـەرجەم کـادیر و لایـەنگرانتان دەکـەین و هیـوادارین بـە بەستنی ئەم کۆنگرەیەتان زیاتر یەکێتی یەکەتان بەرەو پێشەوە بـڕوات و هـەر بـەردەوام بن لە خەبات بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانتان.**

**ڕێزی دووبارە**

**بەهیوای سەرکەوتن**

**جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی عێراقی ئەمڕۆ**

**ڕەحیم هەورامی**

## پەیامی کۆمەڵگای ئاشتی و گەشە پێدانی کوردستان

**دۆستانی بەڕێزی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**بەشدارانی بەڕێزی پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوان**
**بە ناوی کۆڕی بەڕێوەبەری کۆمەڵگای ئاشتی و گەشەپێدانی کوردستان، گەرمترین و بەسۆزترین پیرۆزبایی خۆمان بە بۆنەی پێنجەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکەتان پێشکەش دەکەین.**
**ئێوە لەکاتێکدا کۆنگرەی خۆتان دەگرن، کە زۆربەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توێژی لاو پێك دێنێت، کە گیرۆدەی دەیان کێشەی پێکهاتوو بە هۆی سیستەمی حاکم بە سەر ئێراندایە. لاوان دینەمۆی ئاڵ و گۆڕەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری کۆمەڵگان. لەو ڕووەوە کۆنگرەی ئێوە لە پێناو داڕشتنی بەرنامەیەکی درێژدەم و کورتخایەن بۆ بەهێز کردن و ماددی بزاڤی لاوانی کوردستان مەکۆیەکی گرنگ و کۆبوونەوەیەکی بەرپرسیارە.**
**کۆمەڵگای ئاشتی و گەشەپێدانی کوردستان کە لە دێسامبری ساڵی 2008ەوە بە مەبەستی وەڵامدانەوە بە پێویستیەکانی کۆمەڵایەتی، مەدەنی و بەرەوپێش بردنی پرسی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕێگای بزاڤی مەدەنی و گەشەپێدان دامەزراو و خۆی بە هاوپەیمان و پشتیوانی بزاڤی لاوان و ڕێکخراوی ئێوە دەزانێ.**
**لەگەڵ جوانترین ئاواتەکانمان**

**کۆمەڵگای ئاشتی و گەشە پیدانی کوردستان**

## بروسکەی پیرۆزبایی سەنتەری رۆشنبیری بەهرە

**بۆ بەڕێز یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**بابەت/ بروسکەی پیرۆزبایی**

**لە سەنتەری رۆشنبیری بەهرەوە پیرۆزبایی بەستنی پێنجەمین کۆنگرەتان پێدەڵێین و هیواداریین کە کارو تێکۆشانەکانتان لە داهاتوودا خزمەتی زیاتر بە توێژی لاوان بکات.**

**دوبارە پیرۆزە و بەهیوای سەرکەوتن.**

**سەنتەری رۆشنبیری بەهرە**

## پەیامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستان

**بەڕێز یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دوای سڵاو**

**کاتێك سەیری بەرنامەی گشتی "یەکیەتیی لاوان"م کرد بۆچوونێکی وام لا دروست بوو کە ئەو بەرنامەیە بەو خاڵانەی پتر لە گەڵ کاتێکدا دەگونجێ کە پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دەسەڵاتی بەدەست بوایە، بۆیە پێم وایە کە ئێستا بەرنامەی گشتی یەکیەتیەکەتان زیاتر جەخت بکاتەوە لەسەر چۆنیەتی گەیشتن بە بەشداری کردن لە بەڕێوەبردنی کوردستانی ئێران نەك ڕێکخستنی کۆمەڵگا لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی لەکاتێکدا کە دەوڵەتی ئێران بەشێوەیەکی پراکتیکی کوردستانی ئێرانی خستۆتە ژێر دەستی خۆی.**

**هەروەها ئێوە دەکرێ سوود لە ئەزموونی کوردستانی ئێراق بە لایەنە چاك و خراپەکانی وەربگرن، ئەندامانی خۆتان فێر بکەن کە زۆر کەمتر بەدوای دەسکەوت دا بگەڕێن و پتر ئەرکەکانی سەرشانیان رابپەڕێنن، چونکە پێم وایە کە گەورەترین گرفت لە کوردستانی ئێراقدا ئەوەیە کە زۆربەی خەڵك لەوانەش لاوان پێیان وایە کە هەر کەسە و دەبێ بۆ بەدیهێنانی زیاترین دەسکەوت هەوڵبدات لەکاتێکدا کە ئەرکی یەکجار زۆر هەی و کەم کەس خۆی لێدەدا. کورد لەبەر ئەوەی لەرووی ئابوری، سیاسی، ڕۆشنبیری و ...هتد لە دراوسێکانی خراپترە بۆیە دەبێ هەموو چین و توێژەکانی زیاتر لە میللەتانی تر خۆیان ماندوو بکەن چ لە بواری خوێندن و خۆڕۆشنبیرکردن یان لە بواری کارکردن تاکو بتوانێت بە ئاستی دراوسێکانمان بگەین، نەوەك لێی پاڵبدەینەوە و داوای دەسکەوتی خەیاڵی بکەین. پێم وایە ئەمە گرنگترین خاڵە بە ئەندامەکانی یەکیەتییەکەتانی بڵێن.**

**د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور**

**جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستان**

## پەیامی کۆمەڵەی ئەدەب و هونەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**سلاوێکی پڕ لە هیوا**

**بەڕێزان ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشدارانی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوان سڵاو**

**ئیمە وەك دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ئەدەب و هونەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جوانترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە ئێوەی لاوانی هێژا دەکەین بە بۆنەی بەستنی ئەم کونگرەتانەوە.**

**بێگومان لاوانی کورد پێ بە پێ لەگەڵ لاوانی دنیا دەبێ لە بەرەو پێش چوونی ڕەوتی گرینگی زانستی ئەم سەردەمە دوا نەکەوێ، بۆیە هیواخوازین کە لەم ساتە وەختە گرینگەدا کە خەباتی گەلانی ئێران لە قۆناخێکی هەستیار دایە و لاوانی سەراسەری ئێران ڕۆژانە دژی دەسەڵاتی ئاخوندەکان دەڕژینە سەر شەقامەکان و بە شێوەی جۆراوجۆر ناڕەزایەتی لە دەسەڵاتی ئاخوندەکان دەردەبڕن، ئەمە دەبێ بە هەل وەر بگێری و بزانین کە خەباتی لاوان چ خەباتێکی گرینگە کە دەتوانێ پایەکانی دەسەلاتی ئاخوندەکان زیاتر وەلەرزە بخات و هیواخوازین ئاگری ئەم خەباتە جەماوەری یە کە ڕێکخەری گرینگی خەباتەکە لاوانن بتوانێ ببێتە دەستەبەری هەموو ئازادی یەکانی گەلانی ئێران و رزگار بوون لە ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکان و دەستەبەر کردنی دێموکراسی و فیدرالی لە ناو ئێرانیکی پڕ لە ئازادی دا و بێ ئاخوند.**

**بەڕیزان بە هەست کردن بەم قۆناغە گرینگە هیوامان وایە کە لاوانی کورد زیاتر و باشتر بۆ خۆ پێ گەیاندن هەوڵ بدەن و لە ناوخۆی کوردستان بە ڕێکخستنی باش و لە دەرەوەی کوردستان بە ئامادەکاری و گرینگی دان بە تواناکانی لاوان و پەروەردەکردنی لاوان لە هەموو بوارەکان دا و لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دا گرینگی دانی کۆمیتەکانی لاوان بە ناساندنی کێشەی لاوانی ئێرانی و بە تایبەت لاوانی کورد بە دنیا خەباتەکەمان بەرەو**

**پێش تر ببەن و ئەمڕۆ لە هەموو دنیا زۆرتر لە هەموو کەس گوێ بۆ لاوان دەگیرێ بۆیە گرینگە لەم هەلە بە قازانجی گەلەکەمان کەڵك وەربگرین.**

**دیسان سڵاو و هیوای سەرکەوتن بو کۆنگرەکەتان**

**دەستەی بەڕێوەبەری**
**کۆمەڵەی ئەدەب و هونەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- نۆرویژ**

## پەیامی ماڵپەڕی کوردستان میدیا

بۆ پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێزان، ئەندامانی بەشداری پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی "ئۆگرانی ڕێبازی قاسملوو" بە بۆنەی پێکهاتنی پێنجەمین کۆنگرەکەتان پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان پێ دەڵێین.

بەڕێزان، کۆنگرەکەتان لە کاتێکدا دەبەسترێ کە نارەزایەتی و دژایەتیی خەڵکی ئێران و لاوانی وریا و بوێری وڵاتەکەمان دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی ئاخووندی پەرەی سەندووەو رادیکاڵتر بۆتەوە.

لەم قۆناخەدا یەکیەتیی لاوان وەك ڕێکخراوێکی بەرپرسیارو ڕێنیشاندەری لاوانی کوردستان ئەرکێکی قورسی لە ئەستۆیە. بەو هیوایەی کۆنگرەکەتان لەم پێوەندییەدا هەنگاوی لێبڕاوانە هەڵ بگرێ و بەرنامەو پلانی گونجاو بۆ ڕێبەری و ڕێنوێنیی لاوانی کورد دابڕێژێ.

ئاواتی بەستنی کۆنگرەیەکی زیندوو، خاوەن پلان وسەرکەوتووتان بۆ دەخوازین.

### بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی کوردستان میدیا

**پەیامی دەستەی بڵاوکەرەوەی ڕۆژنامەی (Agirî)**

Ji bo pêncemîn Kongreya Yekîtiya Ciwanên Demokrat ên Kurdistana Îranê!

Rêzdar Sekreterê Giştî, endamên Komîteya Rêveberiya Giştî û endam û beşdarên hêja di pêncemîn Kongreya Ciwanên Demokrat yên Kurdistanê!

Ji bo vexwendin û agahdarkirina me bona lidarxistina pêncemîn Kongreya Yekîtiya we ya xebatkar, spas û pêzanînên me bipejirînin, Em bi germî lidarxistina pêncemîn komcivîna we pîroz dikin û ji bo me jî rûmet û serbilindiyek mezin e ku em bi vê peyamê di kongreya we de beşdar dibin. Hêviya me serkevtina Kongreya pêncem ya we di kar û xebatên xwe de ye.

Yekîtiya Ciwanên Demokrat yên Kurdistana Îranê yek ji sazî û organîzasyonên çalak û xebatkar di meydana xebata siyasî, civakî û sivîl a Rojhilatê Kurdistanê ye ku roj bi rojê em şahidê xurt bûn û pêşde çûna wê ne û destkevtên pirr giring di dîroka xwe ya birûmet de tomar kirine. Yadigara Komara Kurdistanê û Pêşewa Qazî Mihemed e ku hîm û bingeha wê neteweyî û demokratîk e û di bername, armanc û siyasetên wê de pirensîpên neteweyî, demokratîk gellek xuya tên berçav. Ji bo neteweya me bi giştî û nemaze ciwanên azadîxwaz yên Kurd serfiraziyek mezin û bihagiran e ku di qada xebata azadîxwazî û neteweyî û demokrasîxwaziya kurd li Rojhilatê Kurdistanê xwediyê saziyeke weke YCD Îranê ne. Bê guman li gor şiyan, hêz û karîna nifşa ciwan, divêt yekîtiya we vê çendê çalaktir û ektîvtir bibin, ji ber ku neteweya Kurd di Rojhilatê Kurdistanê di rewş û qonaxeke taybet de ne û çarenivîsa gelê me 30 sal e ku li bin siya rejîma Komara Îslamî a Îranê de berevajî pêvajoya rastîn ya xwe dimeşe, me lewer civaka me bi

awayê pêwîst pêşde neçûye, belkî niha civaka Kurdistanê bi derdê dehan pirsgirêkên civakî ve dinalîne ku xeterbûan wan ê bûye gefeke mezin bo ser pêşeroja neteweya me.
Ji ber vê rewşê û gellek sedemên din ku niha rojeva welatê me bi xwe ve girtiye, erk û wezîfeyên giring û dîrokî ketine ser milê Kongreya Pêncemîn ya we. Em hêvîdar in ku Kongreya Yekîtiya we ya pêncem bikare bi girtina biryarên giring û hewce xebata saziya we çalaktir bike û weke yekîtiyek xurt û bibandor bikare di rêxistina ciwanên kurd li Rojhilatê Kurdistanê û bikaranîna şiyan û karîna wan di hemû warên civakê de, nemaze xebata neteweyî û demokrasîxwaziyê di şeklên sivîl, medenî û aştîxwazane de hewlên zaf bide.

Careke din em lidarxistina Kongreya Pêncemîn a we pîroz dikin û hêviya serkevtin û destkevtên mezin ji bo komcivîan saziya we dixwazin.

**Desteya Weşana Agirî**

## پەیامی پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ

**بۆ کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**لاوان بە عەشق دەچوون بەرەو پیری مەرگەوە**

**بایەخدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لاوان و بەکارکردنیان لە حیزبدا و بە پێگەیاندنیان تازە نیە. ئەگەر رەخنەیەکیش گیرا بێت ئەوە برادەرانی سەرکردەی ئێستا زوو چوون بە دەنگ ئەو رەخنەیەوە و ئەوەتا چ لە کار و چ لە پێگەیاندن و چ لە بلاوکردنەوەدا ئێستا رۆڵی لاوان و بایەخدان بە لاوان دیارە و ئەم کۆبونەوەیەی ئەمرۆش بەڵگەیەکی گرنگە بۆ ئەوە. کە دێمە سەر لاوان و دەسپێشخەری حیزبە تێکۆشەرەکەتان ناتوانم چەند یادگارم لەبیر بچێتەوە، یا ناتوانم لەبەرامبەر باسی حیزبە خەباتکارەکەتاندا یاد و بیرەوەری شەهید دکتۆر قاسملووم لەبیر بچێت.**

1- **لەشەهید قاسملووم بیستووە کە لەسەرەتای چالاکیی سیاسی خۆیدا، لە رۆژانی جمهوریەتدا لێپرسراوی کۆمیتەی لاوانی دێموکرات بووە لە (ورمێ).**

2- **کە ساڵی 1962 دوکتۆری شەهید سەری لە (باکۆ)دا و منیش لەوێ دەمخوێند. خۆی رایسپاردم کە هاوڕێیەکی کۆنی هەبوو بۆی بدۆزمەوە. زۆر بە شادمانی بەیەکتر شاد بوونەوە، ئەویش تێکۆشەر و زانای ئازەری دوکتۆر محەمەد تەقیی زیهتابی بوو. کە ئەو کاتە مامۆستا بوو لە زانکۆی باکۆ. وەك تێگەیشتم زیهتابی لەسەردەمی هەردوو جمهوریەتدا لە لێژنەی لاوانی ورمێدا بووە یا لێپرسراوی نەغەدە بووە و دوکتۆر قاسملو لێپرسراوی بووە.**

**دوکتۆر قاسملوو هەر لەو گەشتەیدا هەواڵی کەسێکیتری پرسی کە ئەویش لە کۆمیتەی لاوانی (ورمێ) دا بووە و خۆی بە کورد دەزانی و ناوی (عەسکەر سلیمانی) بوو لە لینینگراد دوکتۆرای لە بارەی مێژووی ساسانی یەکانەوە نووسیبوو. ئەویش لە زانکۆی باکۆ دەرسی دەووتەوە. عەسکەریشمان دۆزی یەوە و چووینە ماڵی و خۆراکی وولاتی بۆ کردبووین. عەسکەر گرژ دەبوو کە دوکتۆری شەهید بانگی دەکرد. (حقێل یا ئقێل). تومەز جولەکەی ورمێ بوو بەڵام خۆی بەکورد دەزانی.**

دوكتـۆر زیهتـابی لـەم دواییـەدا ئـازەریی بـە تـورك دەزانـی و بـەوجۆرە پـاش شۆڕشـی ئیسـلامی چـووبۆوە ئێـران و كـەوتبووە چـالاكی. بەداخـەوە بەدەسـتی‌ئیسـلامیان لـە (شەبوستەر) كوژرا. بەڕاستی زۆر دۆستی كورد و شەخسی شەهید قاسملوو بوو.

3- بـر ایـانی ئێسـتای سـەركردە دەزانـن كـە پـاش شـۆڕش و دەسـتدانەوە چـالاكی، دوكتـۆری شەهید مەبەستی بوو كە لە لێژنەی مەركەزیدا كۆمەڵێك لاو بكەونە كار و لـە كـۆنگرەدا هەڵببژێردرێن و دەپاڵ كادیرە كۆنەكاندا پێكەوە كار بكەن. ئەمە جۆرێكـە لـە بلیمـەتیی سـەركردەیی كـە تـوانم شـەهید قـاسملوو بەنموونـەی بـزانم. نـە هـەر كـادیرە كۆنـەكان سەركردە بن. نەهەر لاوی بە تەوژم. هەردوو لاش دەبـێ ڕێـزی یـەكتری بگـرن. كۆنـەكان تەجروبەی خۆیان بدەن بە لاوان و لاوانیش لەو تەجروبەیە فێر ببن و بەبەرزی بزانن. من گەلێك نموونەم لایە، بەڵام دەشپرسم: چەند لەو سەركردانەی ئەمڕۆ لـە حیزبـدا لـە پێشـەوەن و تەمـەنیان زۆر بـوو- هـەر بەتەمـەن بـن. ئەوسا (لاو) بـوون و بـە پێشـنیازی دوكتۆر قاسملوو هاتنە سەركردایەتی یەوە و چەندیان سوود لـەو و تێكۆشـەرانیـتر بینـی. ئێستاش من پێشنیازم بۆ ئەو هاوڕێیانە ئەوەیە كـە سـوود چـالاكی و خوێنگـەرمیی لاوان ببینن و دەبێ (لاوان)یش بەڕێزەوە سەیری ئەزموونی ئەوان و ئامۆژگـاریی ئـەوان بكـەن و پێكەوە بەرەو پێش بچین و ئەو حیزبە سەرفرازەی پێشەوا و قاسملوو و شـەرەفكەندی هەر بەرەو پێشەوە بچێت.

لاوان و مەسەلەی كورد لە هەموو جیهاندا ، لە سیاسەتی جیهاندا بـەرەو پێشـەوە چـووە. با پێكەوە، بەیەكگرتوویی، بە دان و ستاندن بەرەو سەركەوتنی بەرین.

بژین لاوانی دێموكرات- (بژی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران)

بژی حیزبی سەركەوتووی دێموكرات

بژی كورد، بژی كوردستان

**براتـان**

**عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ**

## پەیام و تێبینییەکانی پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار

**بۆ بەڕێزان کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ڕۆژتان باش، سوپاس بۆ ڕێزلێنانتان.**

**تێبینی و تاقیکردنەوەکانی تایبەتی خۆم ئەمانەن:**

1- **لە بنجدا دروست کردنی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی لاوان و ژنان و نووسەران و هی دیکە داهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی رووسی بوو، لەپاشانا هەموو حیزبە تاکرەوەکانی دیکەش لاسایی یان کردەوە. ئەوکاتە ئەگەر لەزۆر شتدا هەڵ بووبنلەبەر ئەوە ئیعتیرافیان بە هیچ حیزبێکی دیکە نەدەکرد، رۆژی ئەمرۆ پێویستە سوود لە تاقیکردنەوەی ئەوان وەربگیرێ. بەم پێیە حیزبی دێموکراتی ئێران بۆی دەکرێ بەپێی توانا ئەم ڕێکخراوانەی هەبێ تەنیا بۆ بەهێز کردنی خۆی لەناو جەماوەری خەڵکی کورد. ئەگەر حیزبێکی دیکەش ئەم ڕێکخراوەی هەبێ پێویستە دۆستی یەکتری بن، لەناوەوە و دەرەوەی نیشتمان، نەك دوژمن. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە کوردستانی ئێراق دوو حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی دێموکراتی کوردستان ڕێکخراوی لاوانیان هەبوو، یەکەمیان بەناوی "گەنجان" و دووەمیان بەناوی "لاوان"، بەڵام دوژمنی یەکتری بوون. ئەمە نابێ دووبارە ببێتەوە.**

2- **ئەم جۆرە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییانە، ئەوەی سەر بە حیزب بێ یا ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بێ ئێستا ئەو کەفوکوڵێیەی پێش رووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەتی نەماوە (1917-1991)، راستە ئێستاش ئەم ڕێکخراوانە لە ناوەوەن، بەڵام هەموویان یەك ئامانج کۆیان ناکاتەوە و یەك لا دەستی بەسەریان دا نەگرتووە، بۆیە حاڵەتێکی بێ ئاگایی دەبینین لە هەڵوێستی بەرەی حیزبە سۆسیالیستەکانی گێتی کە حیزبی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی- عێراقی لای ئێمەی گرتۆتە خۆی لەو کاتەی روون و ئاشکرایە ئەم حیزبە لەو ساڵانەی دوایی دا فڕی بەسەر سۆسیالیزمی کارڵ مارکس و بۆرجوازییە لیبرالییەکانی ئەورووپا نەماوە.**

3- بەگشتی بەرنامەی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێکو پێکە و ئامانجەکانی روون و ئاشکران، بەڵام ئەوەی گرنگە لەم لایەنەوە نابێ تەنیا بەتەمەن سیفەتی لاو بدرێتە ئەو ئینسانە، بەڵکو پێویستە پێوەندی بە حیزبەوە دیاری بکرێ. لەو حیزبەدا ئەندامە یان نا؟ ئەگەر هەندێکیان ئەندام نەبن ڕێکخراوی لاوان دێموکراتی تر دەبێ، چونکە هەتا ئەگەر تەمەنی لاویشی بەسەر بچێ لە ئەندامەتی ڕێکخراوەکە ناکەوێ.

4- پێوزەندی ئەندامانی لاوان پێویستە زۆر فراوان بێ، دیموکراتی بێ، هەموو جۆرە بیر و باوەڕێك ڕێزی لێبگیرێ، چونکە ئەوەی کۆیان دەکاتەوە تەنیا بیری "کوردایەتی"یە، دڵسۆزی بۆ گەلی کورد و کوردستانی نیشتمان. تەنیا ئەمە ڕەچاو دەکرێ، هەموو بیر و باوەڕی جیاواز و پێچەوانەی یەکتری لەخزمەت ئامانجی سەرەکی "کوردایەتی" دەبن.

لەگەڵ ڕێزم، سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان.

**براتان**

**مارف خەزنەدار**

## پەیام و پێشنیارەکانی مامۆستا مومتاز حەیدەری

### کۆنگرەی پێنجەمین نیشانەی وەرچەرخان بێت

بەڕێزان...

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان-ی ئێران

سڵاوی ڕێز و پێزانین و سەرکەوتن...

بەبۆنەی گرێدانی پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان-ی ڕۆژهەڵات لەسەرچاوەی هەستێکی نەتەوەپەروەرییەوە، گەرمترین، جوانترین، ناسکترین، بگرە بە جۆشێکی دڵی لاوانەوە پیرۆزبایی بە تێکڕای ئەندامانی کۆنگرەکەتان پێشکەش دەکەم. بەڵی سڵاوی هاوخەبات و هاوئامانجی نەتەوەیی دەسکەوتەکەی کۆماری کوردستان (یەکیەتیی لاوانی پێشەوا قازی محەمەدی هەمیشە پێشەوا) دەکەم.

دیارە ئەو ڕێکخراوە پێشڕەوە بەرهەمی ڕەوش و خەباتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، سیاسی دەگمەنی سەردەمی خۆی بووە، سەردەمی بڕانەوەی دووەمین جەنگی جیهانییە، سەردەمی سەرکەوتنی جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان لە بەشێکی داگیرکراوی نیشتمانی نەتەوەیی یە.

بێگومان پاش 63 ساڵ، نەك تەنیا خاوەنی هەمان پەیامن و ئامانجی سەردەمی دروست بوون و ڕوخانی کۆماری کورد\ستان دەبێ، بەڵکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ هەرە زێدە گۆڕاو پەیام و ئامانجی تێکڕای لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە پاش ئەزموونە هەرەچەشن و ئاڵۆز و جەنجاڵەدا قورستر و بەرفراوانتر دەکات.

بەکورتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی جیهان و کوردستان دا ئەرك و پەیامی: (پیشەیی، کۆمەڵایەتی، زانستی، کلتوری، نەتەوەیی، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی پێنجەمیندا خۆی لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەنوێنێ: (نوێکردنەوەی ئەقڵی خێڵەکی و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی فشاری کۆپەرستی ئایینی کۆمەڵی کوردەواری و گەشەسەندن و چەسپاندنی بیری نەتەوەیی و درووست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی

**کوردستانە). بەڵی پەیام و ئەرك و ڕێبازی تێکڕای لاوان و گەنجانی هەر چوار بەشەکەی نیشتمانی نەتەوەیی داگیر کراوە. کەواتە ئەرك و پەیام و ڕێبازی هەرە سەرەکی کۆنگرەی پێنجەمین لەژێر ئەم دروشمەدا بێ زیاتر سەرکەوتن وەدەست دێنێ، بەڵێ بکرێ بە کۆنگرەی بەخۆداچوونەوەی ریشەیی و نوێکردنەوەی عەقڵی کلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەوەش ڕۆشنتر پێویستە پێڕەوی ڕێباز و میکانیزمێکی سەردەمیانەی نەتەوەییانە بکرێ، ئەوەتا هەر بۆ خۆتان زۆر بە ڕۆشنی پەیام و ڕێبازی سەرەکیتان لە دیباجەی داوەتنامەکەتان دەست نیشان کردووە، هەڵبەت لەکۆنگرەدا زۆر بە وردی و شێنەیی بەرفراوانتر و زانستانە لەبەر ڕۆشنایی ئاسایشی باڵای نەتەوەیی لاوان بەتایبەتی و کورد و کوردستان بەگشتی بەرنامەکانی خەبات دادەڕێژنەوە.**

**بەکورتی دەخوازم لەو ڕوانگەی کە لاوان هێزی سەرەکی کۆمەڵن، کۆنگرەکەتان لەپێناو دوارۆژی ڕوناك و پێشکەوتووتری لاوانی کوردستان نیشانەی وەرچەرخانێکی مەزن بێت. لەکۆتاییدا دووبارە سلاو و پێزانین، پیرۆزبایی پێشکەش بە کۆنگرەی پێنجەمین کۆنگرەی زیندووکەرەوەی پەیام و ئاواتی پێشەوا قازی و د. قاسملوو و شەرەفکەندی و تێکڕای شەهیدانی ڕێگای کامەرانی و ئازادی و سەرفرازی کورد و کوردستان دەکەم.**

**سوپاس**

**مومتاز حەیدەری**

## تێبینی و ڕاسپاردەکانی بەڕێز محەمەد مەسعود ( جەلی زادە )

بەڕێز یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پاش سڵاو و دەستخۆشی کردن لە ئێوەی خۆشەویست کە ئومێدی دوارۆژن بۆ کورد، هەوڵ دەدەم بەکورتی بۆچوونی مەیلەو جوداتان پێ ڕابگەیێنم بە ئومێدی ئەوەی کە لەسەر دڵ و هۆشتان گران نەبێت و ئەگەر لە خۆتان ڕاببینن، من ئامادەم بەشداریەکی کورت لە کۆنگرەکەتاندا بکەم بۆ دەرخستنی هەمان بۆچوونە (ڕەقەکانی) کە پێویستە کورد بیزانێت.

باوەڕم وایە کە ڕەوتی ڕۆشنبیری ئەو 40-50 ساڵەی ڕابردووی کورد ئێمەی بە دەربەندێکی زۆر چەوتدا بردووە. فارس دوژمنی کورد نین، بەڵکو دوژمنی ڕاستەقینەی کورد بریتین لە:

1- شاخ، کە تا ئێستا وامانـدەزانی تاکە برادەرێکی کوردە بەلام لەراستیدا پیسترین ئەفیوونە و هەموو نەتەوە شاخاویەکانی توشی ئەو ئیدمانە دەبن.

2- خودی کورد کەوا هەندە لەتلەت و بێ ئینتیبمایە و هەمیشە یەکتر بە خائن و خۆفرۆش ناو (یەکتر دەردەپەڕێنن) دەبن تا لەکۆتاییدا گەنجەکان (بەتایبەتی ئافرەت) دەردەپەڕن دەبن بە تورك و فارس.

3- عەشیرەتگەری و شارپەرستی و ناوچەگەری و لەهجەبازی کەوا کوردستان (وڵاتێکی بێ پایتەختە) ئەو جۆرە وڵاتانەش هەستی ئینتیمایان لەت دەبێت و هەر تاقمە خەڵکێ تەنیا شار و ناوچەی خۆیان دەخوێننەوە. واتە هەستە نەتەوەیی نیە و ئەگەر هەبێت ئەوە زۆر لاوازە.

4- تورك وەکو ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی پێش ئەوەی نەتەوەیەك بێت. تورك ئینتاجێکی کوردستانیە. تا سمێڵبادان ئافرەتی ڕەشپۆش و شەڕم و دواکەوتوویی و دژایەتیکردنی دەوڵەت لەنێو کورددا بەتینتر بێت تا ژمارەی هەڵگەڕاوەکانی کورد (بۆ تورکایەتی و ئینجا فارسایەتی) زۆرتر دەبن. تورك (عەجەم) لێرە و لە تورکیا و لە ئێرانیش

زۆربەیان بە ئەسڵ کوردن وەرگەڕاون بۆ تورکایەتی. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کورد لەخۆی بپرسێت بۆچی؟ تا کەی ؟ و بۆ دەبێ کورد وەرگەڕێن بۆ تورکایەتی کەچی تورکێك وەرناگەڕێت بۆ کوردایەتی ئەگەر سەریشی بپەڕێنن؟

من دەتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە بە یەك قسە. ئەمەش ئەوەیە کە ئافرەت و (خودی مێیەتی و جینس) لە کوردەواریدا لە قۆناغە هەرە دواکەوتوەکانە. مەگەر تەنیا ئافرەتی عەرەب دواکەوتووتر بن دەنا ئێمە کە تا ئێستا لە زاری چەند خاوەرناسێکی ئەورووپاییەوە بیستوومانە (گوایە) ئافرەتی کورد لەچاو فارس و تورك ئازاددترن، ئەمە گەورەترین درۆیە و دەبێ ئەو پارچە لۆکە (پەمۆ) یە لە گوێمان بە یەکجاری دەربهێنین و چاك بزانین کە (کوردی سمێڵ پەرست و چەکپەرست و خەنجەروەشێن) هەر لەناخدا سووکایەتی بە مێیەتی کردووە.

ئەم دەردە لەنێو کوردی ئێراندا بە شێوازی مەزهەبی دیار دەبێت کەوا زۆربەی ئەوانەی تووشیان بوومە دەبینم باس لە مارکسیزم و (مەشاعەت جینسی) دەکەن کەچی کە کار دەگاتە سەر کورد و فارس یەکسەر 180 پلە دەسوورێنەوە و دەڵێن "شیعە نامووسیان نیە و (سیخە) دەکەن و،،،،" ئەو قسانە، ئەدی ئەوەتان لەچی و ئەوتان لەچی؟

برام، شیعایەتی دەستکارکردنێکی شەریعەتە وشکەکەی بیاباانی عەرەبستانە بۆ ئەوەی لەگەڵ باری ژیانی شارستانیان بگونجێت. جا ئەگەر سیخە بێت یاخود (دەستنوێژی خێرا) هەمووی بۆ بارسووکییە. ئێمەش دەچین دەڵێین هەموو حەرامە حەرامە حەرامە و دەبێ دین 100٪ وەکو سەردەمی ئیمامی عومەر بێت، کەچی هەرخۆمان لێی بێزار دەبین و بازێك دەدەین بۆ عەلمانیەت و مارکسیزم؟!!!! هەرنەبێ فارسەکە زیرەکترە کەوا نە وای کردووە و نە دوااتر وازی لێ هێناوە بۆ خاتری ماکسیزم و بۆ چاوی ئافرەتەکانی مۆسکۆ.

باوەڕم وایە کە ئەرکی ڕێکخراوەکانت و ئەرکی هەموو حیزب و دەزگاکانی ڕۆشنبیری کورد لەمەوپاش دەبێ بریتیبێت لە یەك شت، ئەمەش ڕۆشنبیری (ڕۆشنبیری نەك - عەقیدە)

باوەڕیشم وایە کە لە 10 ساڵی داهاتوودا ئێران گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئیتر مایەی داخە کە دیسان (وەك هەمیشە) لەباتی ئەوەی فارس بکەینە برادەر دژی تورك، دیسان هەڵەی هەمیشەیی باب و باپیران دووبارە بکەینەوە (بەو شەڕشەق کە هەمیشە کردوومانە) فارس لەخۆم زراوبردوو بکەین و ناچاریان بکەین کە پشتی تورك بگرن دژبە کورد. باوەڕ بکەن تورك زۆر خۆشحاڵن کەوا ئێوە کەوتووتوونەتە چیا و لە ڕیزی دەوڵت و یاسا دەرچوونە. بەلاّم ڕۆژی ڕەش تورك ئەوەبوو ئەگەر ئێوە بووبانە فەرمانبەر و پۆلیس و دکتۆر و لەنیو سیستەمی دەوڵەتی ئێراندا دو فرمێسکتان (کەربەلا و ئەو قسە قۆڕانە) ڕشتبایە. باوەڕ بکەن کە ئەوان پێش من و تۆ دەزانن کە دین درۆیە و (فشەیە!!) تەنیا ئەوەیە کە ئەوان (ئیشی فشەش) بە چاکی و بەرێکی و نیزامی دەکەن.

لەگەڵ ڕێزم

**محمد جەلی زادە**

**نوسەر و روناکبیر**

## پەیام و پێشنیارەکانی بەڕێز قەرەنی قادری

بۆ بەڕێز، یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێزان، خەبات و تێکۆشانی ئێوە لە بارودۆخێکی گەلێك سەخت و دژواردا بەڕێوەدەچێت. ئاشکرایە کە ئەم دژوارییە نابێ ماندووتان بکات و ماندوو بن، چونکە نەتەوەکەمان لە هەلومەرجێکی نالەباردا دەژیت. بەڵام بۆ سووککردنەوەی ئەم دۆخە، چەکی خۆڕێکخستن و زانست ئەو یارمەتییەتان پێدەدات، کە داهاتوو گەش ببینن و ماندوویی بڕەوێننەوە. بڕواتان بەوە هەبێت کە ڕەوتی زەمان لە بەرژەوەندیی ئێوە لاوان دایە.

لەبیرتان نەچێت، کە ئەم ڕەوتە هەروا بەرهەمتان پێنادات، پۆشتەوپەرداخبوون بە زانستی سەردەم لە پێش هەموویانەوە ئازادی، دیموکراسی مافی مرۆڤ و لە کۆتاییدا بەشدارییەکی چالاکانە لە دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکەمان ئەو بوارانن، کە پێویستە ئێوە تێیدا دەور و ڕۆڵی بەرچاوتان هەبێت.

بەڕێزان، ئێوە وەکو یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە سێ دۆخی بەتەواوەتی جیاوازدا دەژین. بەشێك لە ڕێکخراوەکەتان لە ناوەوەی وڵاتدایە، کە هەردەم دەبێ خەریکی خۆڕێکستن و خەباتێکی قورس و نهێنی بە دژی ڕژێمی ئایینی لە ئێراندا بێت، کە ئەو پارچەیەی کوردستان بەهۆی ئەوانەوە میلیتاریزە کراوە.

بەشێکی تر لە پارچەی "هەرێمی کوردستان" و لە بارودۆخێکی خۆماڵیدا بەشێوازی جۆراوجۆرەوە درێژە بە خەباتی دەدات. بەڵام بەشی سێیەمی لە وڵاتانی ئەورووپیدا خەریکی خوێندن، کارکردن و چالاکین، بەڵام لە کەشوهەوایەکی بەتەواوەتی جیاواز لەگەڵ دوو بەشەکەی تردا بوونیان هەیە. ئەم دۆخە جیاوازانە بۆ ڕێکخراوی ئێوە هەندێك تایبەتمەندی دێنێتە گۆڕێ، کە بۆ ئێوە چڕیی لە کاردا تووشی گرفت دەکات، هەروەها ڕێکخستنیش تووشی زەحمەتی دەکات. واوێدەچێ کە قورسایی کاری ڕێکخستن

و سەرکردایەتیکردنی ئەم دۆخە چەتوونە، بۆ ئەو بەشە دەمێنێتەوە، کە هەر ئێستا لە هەرێمی کوردستاندایە. لەبەر ئەوە ئەرکی ئێوە چەند قات دەبێتەوە. پێش هەموو هەنگاوێك خۆپۆشتەکردن لە بواری زانست و خوێندن، هەروەها کۆکردنەوەی ئەزموون، کە ئەویش بەڕێگەی هەوڵی بێوچانی ئێوە دێتە ئاراوە.

بەڕیزان کارکردنی ئێوە لە بواری فکری بەتایبەتی لەسەر ماددەکانی پێڕەوی ناوخۆی یەکیەتیی لاوان وەکوو خاڵەکانی (1، 2، 3، 7، 11، 20، 21، 23، 24، 25، 26، 28، 36 و 39) دەتوانێت ئێوە لە بواری فکری گەلێك بەهێز بکات، هەروەها لە بواری کاری کردەوەییدا بەتواناتان بکات.

کەڵکوەرگرتن لە (تیشك تیڤی) یەکێك لە میکانیزمە هەر باشەکانە کە هەم دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی ناوەوەدا چێ بکەن، هەمیش لە بواری ئاسایشییەوە بێ مەترسی بێت. لەبەر ئەوە، پێویستە پاراستن و بەهێزکردنی ڕێکخراوی ناوەوە، لە ئەولەوییەتی کاری ئێوەدا بێت. هەروەها پەیوەندی بەردەوامی ئێوەی بەڕێز لەگەڵ ڕێکخراوی ناوەوە، ئێوەش بەهێزتر دەکات. هەر بەڕێگەی ئەوانەوەیە کە دەتوانن باشترین زانیاری لە ناوەوەی وڵات بەدەست بێنن، کە ئەم زانیارییانە باشترین ڕێوشوێن دەبن بۆ داڕشتنی سیاسەت و بەرنامەی دروست کە دەتوانێت کەمترین هەڵەی لێ ڕوو بدات. چونکە ئەوان مێژووی زیندووی ئێوەن و هەر ئەوانیش دەتوانن ئێوە لە "زەینیبوون" بپارێزن.

ئەقڵ و زانست یارتان بێت

**لەگەڵ ڕێزی بێپایانمدا**

**قەرەنی قادری**

## پەیام و پێشنیارەکانی بەڕێز مستەفا شێخە

**بۆ پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوان**

**ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**بەشدارانی بەڕێز!**

**بەڕێزان لە هەموو وڵاتان و لە ناو هەموو گەلانی جیهاندا سەندیکاو یەکیەتیەکان بە مەبەستی لایەنگری لە چین یان تۆێژێکی کۆمەڵگە دادەمەزرێن و بۆ وەدیهێنانی هێندێك بەرنامە و پلان تێکدەکۆشن، بەڵام یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە شێست ساڵ لەمەوبەر بەمەبەستێك دامەزرا کە رەنگە ئامانجەکەی لە گەڵ ئامانج و ئارەزووی هەموو یەکیەتیی و سەندیکایەك جیاواز بێت، یان زۆربەی بەرنامەو پلانی هەموو یەکیەتی و سەندیکا پێشکەوتنخوازەکان لە خۆ بگرێت.**

**هاوکات لەگەڵ پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان زۆر لە جاران زیاتر هەست بە بەهێز کردنی چالاکیی لاوان بەرەو گونجان دەگەڵ جیهانی نوێ دەکرێت. گەلی کورد لە جاران زیاتر پێویستیی بە کچ و کوڕی خوێندەوار و پسپۆڕ و شارەزای هەموو ئەو بوارانە هەیە کە بۆ پێشکەوتنی هاوشانی گەلان و وڵاتانیتر پێویستن.**

**لەو سەروبەندە هەستیارەدا وێڕای پیرۆزبایی و داوای سەرکەوتنی زیاتر، هیوادارم کۆنگرە ببێتە هۆی تێپەڕین لە دەورانێکی گەشەداری خەبات و تێکۆشان بەرەو دەورانێکی گەشەدارتر و بەهێزتر و بەرەو لەخۆبووردوویی، رۆحی تەبایی، ڕێزگرتن لە را و بۆچوونی جیاواز هەنگاوی بە قەوتر باوێن.**

**هەر وەك لە سەرەتا ئاماژەم پێکرد، یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانیش وەك هەموو حیزب و ریکخراوەیەکی کوردی ئەرکی بەشداری کردن لە خەباتی لە سەر شانەو تەنیا ریکخراوێکی سینفی لاوان نییە. هەر بەم هۆیەشە چاوەڕوان دەکرێت لەم**

هەلومەرجە هەستیارەی ئێستادا ئەم کۆنگرەیەتان کاریگەریی ئەرێنیی بەرچاوی لە سەر خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت.
هیودارم ببن بە ڕەهەندێك بەرەو یەکگرتنی هەموو لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو ژیانی سیاسیی ئاوێتەی خەباتی لە خۆبوردووانە.
ئومێدەوارم دوای کۆنگرەکەتان هەنگاوی بە کردەوە بەرەو دۆزینەوەی میکانیسمێکی جیاواز لە رابردووی هەموو لایەنە سیاسیەکان باوێژن.
سەرکەوتوو بێ پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

لەگەڵ ڕێزی دووبارە

**مستەفا شێخە**

**ڕۆژنامەنووس**

## پەیام و پێشنیارەکانی بەڕێز شاد محەمەد

چالاکوانان و ئەندامان و خۆبەخشانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی زۆر بەڕێز سڵاوی گەرمتان ئاراستە دەکەم.

هیوای نوێبوونەوە و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم..

وەك چالاکوان لەبوارەکانی گەنجان و کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوکات وەك بەڕێوەبەری ڕێکخراوی تواناسازی لاوان، پیرۆزباییتان لێ دەکەم و دووبارە هیوامان سەرکەوتن و نوێبوونەوە و بەردەوامییە لە پێناوخزمەت بە پرسەکانی گەنجان بەگشتی و گەنجانی کورد بەتایبەت لەهەرکوێیەك بێت.

لەدەرەوەی هەر موجامەلەیەك و زمانی بەشاندا هەڵدان، هەوڵ دەدەم بەم شێوەیە پێشنیار و بۆچوونەکانم بخەمە روو:

1- بوونی خەباتی شۆڕشگێری شتێکی گرنگە و بێگومان لە زەرورەتێکی مێژووییەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام بۆ ئەمڕۆ و زۆرجار، بۆتە هۆی کاریگەربوونی حزب و ئایدیۆلۆژیای سیاسیی حزبی، کە پێم وا نییە ڕێکخراوەکەتان لێی بەدەر بووبێت و وەك زۆر لە کارەکانی تری لاوان بارگاوی بووە بەم هاوکێشەیە و هیوادارم لە ساتەکانی نوێبوونەوە، بزانرێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە کارانە بکرێت و زیاتر سیمای بزووتنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەخۆ بگرێت.

2- هەر بەهۆی ئەو کاریگەربوونەی لە خاڵی یەکەم باسم کرد، جۆرێك لە دووری ڕێکخراوەکەی بەڕێزتان دەبینین لەگەڵ زۆر لە ڕێکخراوەکانی ناو هەرێمی کوردستان، کە ئەگەرچی ڕەنگە زۆرجار کێشەی دارایی و مرۆیی ریگر بن لەم جۆرە پەیوەندییە، بەڵام هیوای زیاتر فراوانبوونی پەیوەندییەکانتان دەکەم بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان.

3- هەوڵدانی زیاتر بۆ خەباتی مەدەنی و دروستکردن و فراوانکردنی کاری تۆڕبەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری لاوانی ئێرە و ناوخۆی وڵات و هەرێم و دنیادا. ئەگەر چی ڕێکخراوەکەتان ڕەنگە درێغی نەکردبێت، بەڵام هیوای زیاتر فراوانبوونی دەکەم.

4- گرنگی دان بەخوێندن و بەرزکردنەوەی توانا و کاری ڕێکخراوەکەتان لەسەر ئەو بوارانە.

5- کارکردن لەسەر کاراترکردنی بەشداری سیاسی و پێگەیاندنی سیاسی بەمەرجێك کاریگەر نەبێت بە ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی حزبی، وەك لە خاڵی یەکەم باسم کرد.

6- کارکردن لەسەر داتا و ڕاپۆرت و بەکارهێنانی ئەو زمانە لە کارکردن.

7- دوورکەوتنەوە لە پرسی نەتەوەیی سنووردار(بەو مانایەی نەبێتە تەنها ڕێکخراوێك تەنیا بۆ لاوانی کورد، بەڵکوو بۆ گەنجانی نەتەوەکانی تریش).

لەگەڵ هەموو ڕێزم

بەهیوای نوێبونەوە و بەردەوامی

**شاد محەمەد**

**چالاکوان لەبوارەکانی گەنج و کۆمەڵگەی مەدەنی**

## پەیامی بەڕێز خاتوو مریەم عەلیپوور

**کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

**ئەندامانی یەکیەتیی لاوان و بەشدارانی کۆنگرەی پێنجەم!**

**سڵاوێکی گەرم و شۆڕشگێرانەتان پێشکەش!**

**بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی پێنجەمەتان پیرۆزباییتان لێدەکەم و لەوەی کە هەردەم هەنگاوەکانتان بەرەو بە کولتوری کردنی دێموکراسی و دیالۆگ، پراکتیزەکردنی پرۆسەی تەبایی و یەکسانی کۆمەڵگەی کوردەواری هەڵدێننەوە هیوای سەرفرازی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.**

**ئیزن بدەن وەبیرتان بێنمەوە لاوان سەرەڕای ئەوەی کە بەردی بناغە و پێشەنگی گۆڕانکاری کۆمەڵگەنە هەمووکات ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە و هەیە لەسەر بەرەوپێش بردنی ڕەوڕەوەی کاروانی مرۆڤایەتی و ڕەوتی کۆمەڵگە و هەر کۆمەڵگەیەکی بێ لاو، داهاتویەکی بێ ئابووری و ئابووریناسی دەبێت، هەر بۆیە بایەخدان، هەڵسوکەوت و پەروەردەی دروست و مەنتقی لاوان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا نیشانەی شارستانیەت و پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیەیە. گەلی کورد بە گشتی و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی ئەو راستیە باش دەرك دەکەن کە چ لە باری هێزی بازو و چ لە باری هێزی مێشك، لاوان هێزی سەرەکی و سەرمایەی وڵاتن. هەر بۆیە لە پێك هێنان و یارمەتی دانی مادی و مەعنەوی یەکیەتیی لاوان، بۆ ئەوەی بتوانن هەستی نەتەوایەتی لە نێو لاواندا بەهێز بکەن، لە هەر قۆناغێکدا درێغیان نەکردووە و دڵنیاشم نایکەن. هەر وەك دەبینین لە کۆنگرەی 14ی حیزبدا بەرپرسی یەکیەتیی لاوان لە ناوەوەی کوردستان وەك جێگیر و لە دەرەوەی کوردستان وەك راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی وەردەگیردرێن، ئەوە نیشانەی بایەخدان بە ئەرك و چالاکی لاوانە. هیوادارم لە کۆنگرەکانی داهاتوی حیزبدا ئەو پۆستانە ببنە پۆستی ئەندامی ئەسڵی و جێگیری کۆمیتەی ناوەندی. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئێوە چۆن و بە چ شێوەیەك بوون(موجودیەت) و لێهاتویی و چالاکی خۆتان دەنوێنن.**

لاوانی وشیاری کوردستان، هێزی رۆنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوون

**لاوانی بەشدار لە کۆنگرەدا!**

**بە پێی خێرایی ئاڵوگۆڕەکان کە ڕۆژ بە ڕۆژ چ لە بواری جیهانی و چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی ناوچەی کوردستانی خۆمان روو دەدن و هەستیان پێ دەکەین، دەبینین کە بزوتنەوەی لاوان هاوشان لەگەڵ بزوتنەوی خوێندکاران، ژنان، کرێکاران، (NGO)کان و سەندیکایەکان گرینگی و قورسایی خۆیان هەیە و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەرك و کاری لاوان لە جاران زیاتر بێت و دەبێ زیاتریش هەست بە بەرپرسایەتی بکەن. هەر بۆیە بە بڕوای من لاوان زیاتر لە هەر دەمێك پێویستیان بە بەرنامە و پلانێکی کۆنکرێت و دروست و شفاف هەیە کە هیوادارم ئەو کۆنگرەیە وڵامدەری ئەو پڕۆسەیە بێت و زۆربەی کارەکانی بە شێوەی دروست و مەنتیق لە کەش و هەوایەکی سالم و دۆستانەدا بەجێ بگەیەنێت. لاوانی خۆشەویست هۆی بەشداری ئێوە ئەمڕۆ لەو کۆنگرەدا ئەوەیە:**

**یەکەم: دووبارەی دەکەمەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئێوە لاوان فاکتەرێکی سەرەکی بنیاتنان و ئابووری کۆمەڵگەنە، هێزی سەرەکینە بۆ ئاوەدانکردنەوە و درێژەدانی پرۆسەی نەتەوایەتی گەلی کورد، هیوا و چاوەڕوانی نەتەوەی کورد لە ئێوە وەك هێزی سەرەکی و سەرمایەی وڵات، درێژەدانە بە خەبات و تێکۆشان تا سەرکەوتنی کۆتایی.**

**دووهەم: ئێوە دەنگی لاوانی هاووڵاتی خۆتان لە ژێر زەبرو و زەنگی رژێمی دیکتاتۆری ئاخوندی ئێراندا، بیستووە و دەبیسن دەتان هەوێت ئامادەگی خۆتان بۆ وڵامدانەوەی ئەو دەنگانە و چاوەڕوانیەکانی ئەوان نیشان بدەن. هەر بۆیە هیوادارم بە لەبەر چاو گرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە بەرنامەکانی داهاتوتان زیاتر لە سەر ئەساسی فەلسەفیی و عەقڵ و مەنتق بێت و بە هەموو شێوەیەك لە توندوتیژی و کولتوری نامرۆڤانە کە باوی ئەم سەردەمە نییە هەرچۆن تا ئێستا خۆتان پاراستووە زیاتریش خۆتان بپارێزن.**

**ئاواتی منیش سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان و بەرنامەکانی داهاتوتانە و هەر بژین**

**مریەم عەلیپوور - نۆروێژ**

**چالاکی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی**

## پەیامی بەڕێز مەجید حەقی

**بۆ پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**لاوانی خۆشەویست**

**دۆستان و هاوڕێیانی گرانبەهام**

**خۆم بە بەختەوەر دەزانم، شانازی ئەوەم هەبێ، لە ڕێگای ئەو پەیڤانەوە گەمترین پیرۆزبایی خۆم بە ئێوە لاوانی خۆشەویست و دارێژەرانی دوارۆژ و ئاوەدانکەرەوەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستان پێشکەش بکەم.**

**پێنجەمین کۆنگرەی ئێوە لە هەل و مەرجێکی هەستیاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری جیهانی و ناوخۆیی بەرێوە دەچێ. جیهان لە حاڵی دۆزینەوەی پارەسەنگەکانی نوێی ئابووری و دابەشکردنی سەرمایەکانی جیهانی و وڵاتی ئێران، لە قووڵایی کۆمەڵگایەوە خەریکی بینینی ئاڵ و گۆڕە گرنگەکانی جڤاکی و سیاسی و ئابووری بە خۆیەوە. هێزی خرۆشانی شەپۆلی ئەو ئاڵ و گۆڕە لاوانی سەرانسەری ئێران و بەتایبەت لاوانی نیشتیمان پەروەری کوردن. لەو ڕووەوە دارشتنی هەربەرنامە و سیاسەتێك شوێندانەرە لە سەر ڕەوتی بەرەوپێش چوونی بزاڤی لاوان.**

**لاوان لە کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا توانیان دەستکەوتێکی بەرچاو بەدەست بێنن و هەرچەند شوێنی شیاوی خۆیان لە ڕێبەری سیاسی بزاڤی نەتەوایەتیان بەدەست نەهێناوە، بەوحاڵەش ئەم هەنگاوە و دیاری کردنی سکرتێری گشتی ئەو ڕێکخراوەیە وەك ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی باهۆزی ئاڵ و گۆڕەکانی دێموکراتیك لە قەوارەی بزاڤی نەتەوایەتیماندا و لە حیزبی ڕێبەری جۆلانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە. دڵنیام بە چالاکی، پێداگری، هەڵس و کەوتی سەردەمیانە و بەکارهێنانی هێزی لەبڕان نەهاتووی لاوان بزاڤی نەتەوایەتیمان چ لە روانگەی سەرانسەریەوە و چ لە روانگەی پێگەی ڕێکخراوەییەوە دەتوانێ شوێنی شیاوی خۆی لە ڕێبەری ئەو بزاڤەدا بدۆزێتەوە. بۆ**

کۆمەڵگایەك کە زیاتر لە 70 لەسەدی لاوان پێك دێنن، ئەوە لاوانـن کـە پێویستیەکانیان لە هەر کەسێك و توێژێك چاکتر دەگەن و ئوان خەمخۆرترینی خۆیانن.
بۆ کۆنگرەکەتان هیوای سەرکەوتن و بـۆ باسـەکانتان هیـوای فرەرەنگـی و دەوڵەمەنـدی و بۆ بەرنامە و سیاسەتەکانتان هیوای "ئینسیجام" و یەکدەنگی دەخوازم.

**برای هەمیشە بچووك و دڵسۆزتـان**
**مەجید حەقی – فینلاند**
**چالاکی سیاسی**

## پەیامی بەڕێز سولەیمان کەڵەشی

Peyam bo pêncimên kongra yeketiya lawên demokrata Kurdistana Iranê.

Berêz komita rêweberiya giştiya yeketiya lawên demokrata kurdistana iranê, u pişikdarên kongra pênca,
silaweki gerim.

Sexmeratî girtina kongra yeketiya we bi dil u can li ve hemu endam u aligirên we piroz dikin u hêvidarim ku kongreyeke pirr destkevt be.

Genc u lawên hêja û xebatkar, em bash dizanim ku yeketiya we ewa 63 e sale hatiye awakirin, eyane ku li wan 63 salan da rexstina we li gellek evraz û nişîva derbaz buye. Lêbelê çi dema ewan asteng û dijwariya nekariye we ji kar û xebatê rawestîne. We her tim ji bo bi dest anina armancê xwe yê rewa u ber heq xebat kiriye, u her wisa di wê pêxemê de Yeketiya lawen demokrata kurdistana iranê mil bi milê Hizba dêmokrata Kurdistan Îranê li qonaxê curbecur de mêrxasî kirine û gellek şehîde giran qîmet pêşkêşî rizgariya netewa xwe kirine.

Gelî genc û lawên îro, û hêvî û rêberên sibê û paşe rojê, rêxistina (yeketiya lawa) we cîyê şanazî û ser bilindiya gelê me ku kariye hizaran lawên Kurd li Kurdistana Îranê di qotabxana xwe de perwerde bike û paşan teslîmî bizawa gelê me bike. Ku di nava wan de şexsiyet û rêberê wek shehid Dr. Abdurehman Qasmilo ber çav dikevin ku cîyê şanaziya hemu netewa Kurde.

Gelî xuşk û birayên hêja, endamên yeketiya lawên dêmokrat, min hez dikir ku lawên Kurdan jî wek gellek wan welatên pêşketî û azad lawîniya xwe kiriban û mijulê xandin û hînbûna zanîn u ceribandina dêmokrasiyê û rêweberiyê ban. Lê mixabin hikûmetên dagîkerê Kurdistanê û bi xasma komara

îslamiya Îranê, gelê me li hemu maf û derfetên azadî û dêmokrasiyê bê par kirine û Kurdistan û Îran bo wan kirîye girtîxaneyeke mezin. Her dengekî maf xazane jî bi kuştin û girtin, şikence û zîndan û êdam bersiv daye u dide. Liber wan sedema Yeketiya lawên dêmokrata Kurdistana Îranê neçar mane wek gellek partî û komikê dinê, ji derwey Kurdistan u Îranê wê bizawê rêberî bikin û bimeşîne.
Ez dizanim ku Yeketiya we pirr tecrube û cerêbandinên binirx li kar u xebata xwe de paşkewt kirine. Her boye ez arxaîn û xatircemim ku kongira we yê bername û pirojên baş û serdemiyane bo pêşerojê û bi hêz û dewlemend kirina lawên Kurdistanê danê. Hêvîdarim rêberayetiya ku tête helbijartin bikare girêdaneke bihêz li navbera lawên nav Kurdistana Îranê û law û rêberayetiya cêgîr li Başur Kurdistanê û tev lawên derwey welat bê du çavî û gorî zanîn û kêrhatî û emkan çêbikin û bimeşin, ez baverim ku hûnê her varekî de xurt û dewlemendtir bin.
Bi hivîya vê rojê ku hemu armancên gel û netewa me bi cî bên.

**Silêman Keleşî**

**DANMARK**

## پەیامی بەڕێز ڕەحیم ڕەشیدی

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!

خۆشەویستانی بەشداری پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران!

لە ڕێگای دوورەوە دەستی یەکە بە یەکەتان پڕ لە گوڵ دەگوشم، ئاواتم ئەوەیە کۆنگرەی پێنجی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان هەنگاوێکی گەورە بێ لە بەرەوپێش بردنی کاروباری ئەو ڕێکخراوەدا کە ئەمڕۆ بە هەزاران لاوی نیشتمانپەروەری کوردی لە دەوری باوەڕو ئامانجە مرۆیی و دێموکڕاتییەکانی کۆ کردۆتەوەو کوڕان و کچانی ئازادیخوازی کورد کردویانەتە مەیدانێك تاکوو لەو ڕێگاوە تواناکانیان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باشتر وەسەریەك بخەن و باندۆڕو کاریگەریان پترو جێ پەنجەیان لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا دیارو بەرچاوتر بێ.

گومانی تێدا نیە کۆنگرە بۆ ژیانی سیاسیی و بەڕێوەبەرایەتی هەموو ڕێکخراوێکی دێموکڕاتیك پێویستییەکی حاشا هەڵنگرە، ئەم پێویستییە لەو ڕوانگەوە زۆرتر خۆ دەردەخات کە پەروەردەی زۆربەی تاکەکانی مە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتێکی نادێموکڕاتدا مسۆگەر دەبێ، کەوایە کارو ئەرکی ئێمە بۆ بەرەودان بە پرسە دێموکڕاتیکەکان دژوارەو نابێ لەم بەستێنەدا بە هیچ چەشنێك ماندوو هیوا بڕوا بین، لە ڕاستیدا هەر ئەمەش تێکۆشانی ئێوە لەم قۆناغەدا بەنرختر دەکات.

لەم سۆنگەوە، دەگەیەنە ئەو دەرەنجامە کە خەباتو کاری هەمووان لە یەکیەتیی لاواندا لەگەڵ ئەوەی شانازییەکی مەزنە، بێ گومان بێ گرێوگۆڵ و ئاستەنگ نەبوەو نابێ. بەڵام کاری هەرە وەزیو بەکۆمەڵ، کەسایەتی مرۆڤ بەهێزتر دەکات، وورەی وی بۆ ڕاوەستان لە ئاست دژوارییەکاندا برەو پێدەدات. لەوەش دڵنیام ئەگەر مرۆڤ لەم ڕێرەودا پابەند بە یاسا سەروەری و پێوانە دێموکڕاتیکەکانی ڕێکخراو نەبێ ڕەنج بە خەسار دەمێنێتەوە.

ئێوەی بەڕێز باش دەزانن پێکهاتنی کۆنگرە بۆ ڕێکخراوێکی وەکوو لاوان بەو ئاستە بەرچاوە لە تێکۆشان ناتوانێ تەنیا کۆبوونەوی نوێنەرانی شانەو کۆمیتەکانی لاوان بێ،

زۆر گرینگە هەمووان ئەو ڕاستییە بە باشی تێبگەین کە کۆنگرە لە ژیانی ڕێکخراوێکی دێموکراتیکدا پێناسەو مانایەکی بەرینتر لەوە هەڵدەگرێ، کەواتە دەبێ سەرجەم بەشدارانی بەرێزی "کۆنگرەی دوکتۆر قاسملوو" هەست بە بەرپرسایەتیی تەوا بکەن، شێلگیرانە لە باسوخواستەکانی کۆنگرەدا بەشداری بکەن، ئەوە بزانن کە هەموو لایەك چاوەڕوانن کۆنگرە بە سەرکەوتنەوە بە ئاکامی دڵخواز بگات، گومانی تێدا نیە ئێوە کە متمانەی ڕێکخستنەکانی لاوانتان بۆ نوێنەرایتی لە کۆنگرەدا پێ دراوە هەر ئەو چاوەڕوانیەتان لێ دەکرێ کە موژدەی سەرکەوتنی کۆنگرەمان پێ ڕابگەیەنن.

خۆشەویستان!

هیوا دەخوازم ئێوە نوێنەرانی کۆنگرەی پێنجەم، بە باسو خواستی گەرموگوڕو بەرپرسانە بۆ گەشەو پێشڤەچوونی زێدەتری ڕێکخراوەکەمان، کۆنگرە بکەنە مەیدانی هەڵسەنگاندنی کاروچاکی دوو ساڵێ بەرێ، لەم پێوەندییەدا ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرن کە ئەرکی ئێوەیە کەموکورتییەکان، کێشە تەشکیلاتییەکان، جێبەجێ نەبوونی ئەو کارو پرۆژانەی دەبا لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا جێبەجێ بووبان، کەندوکۆسپەکانی ئەو سەرنەکەوتنانە بە باسو ڕاوێژ دەست نیشان بکەنو میکانیزمو ڕێگا چارەی پێوسیت بۆ پاتە نەبوونیان بە دارشتنی یاسای گونجاو کە لەگەڵ بارودۆخی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەکانمان لە دوورو نزیك یەکبگرێتەوە دابرێژنو لەم بەستێنەدا هەموو توانای خۆتان بخەنە گەڕ.

هەڤاڵانی هێژا!

ئاشکرایە نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، سەرەڕای هەموو کێشە، تەنگەوچەڵەمە، دەستکورتیو نەبوونی پشتیوانیەکی بەهێزی ماڵی، یەکیتەتی لاوان وەکوو ڕێکخراوێکی بەهێزو شکۆمەند تێکۆشاوەو هەڵسووڕانی خۆی گەشە پێداوە، لەم پێوەندییەدا پێویستە ماندوو نەبوونی بە هاورێیان بڵێنو سوپاس لە هەموو ئەو ئازیزانە بکەین کە کەموزۆر یارمەتیان بە بەرەوپێشەوە چوونی تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوە کردوەو دەیکەن. بەڵام هەمووتان لەوەدا لەگەڵم هاوڕان کە وزەو هێزی ئێمە بۆ کارو

تێکۆشان زۆر لەوە پترە کە ئێستا هەیە، کەوایە دەبێو دەکرێ کە بازنەی تێکۆشانەکە بەرینتر بکەینەوەو بە ئەرکدار کردنی کەسانی کار لە دەست هاتوو بەئەزموونی ڕێکخراوەکەمان هەمووان زۆرترو زیاتر بۆ سەرکەوتنی ئەو ڕێکخراوە تێبکۆشین.

ئێمە دەبێ شایی بەخۆتر لە هەمیشە ببینە گەرووی پڕ لە هاواری ئێستای ئەو کچو کوڕە دلێرانەی کە لە نێو جەرگەی خەباتی بە کردەوەدا تێدەکۆشن، دەبێ بە تێکۆشان، بۆ وان هیوا خولقێن بین، هاوکات بە لەقاودانی ڕەفتاری نەشیاو سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دەسەڵاتدارانی تاران لە هەمبەر لاوانی وڵاتەکەمان، لە کۆڕو کۆبوونەوەی نێونەتەوەییدا، ئەو هەستە لەواندا قوڵتر بکەینەوە کە خەباتی شارو شاخ، تەواوکەری یەکترن.

دۆستانی بەڕێز!

لە هەلومەرجێکدا کە کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشی هەرچی بەرانبەری، جوانی، سەفاو شادییە هەڵوشێ، ئێمە دەبێ بە کردەوەو لە هەموو بوارەکاندا لە خاڵی بەرانبەر بەو دەسەڵاتە جەهەندەمیەدا ڕاوەستین، ئەگەر لەو کۆمەڵگادا ژنانو کچان دەچەوسێنەوەو ستەمیان پێ ڕەوا دەبیندرێ، دەبێ بێ ئەملاولا ئێمە لە تێکۆشانی خۆماندا چووکترین بوار بۆ هاتنە ئارای ئەو دیاردانە نەهێڵینەوە. بوارەکانی سەرکەوتنو گەشە هەرچەندە لیخنو ناهەموار بن، بە پاڵوێکدانو داڕشتنی بەرنامەی دورست کە لەگەڵ ڕاستییەکاندا یەکبگرێتەوە، دەکارین بە سەرکەوتنەوە بپێوینو بەسەر کەندو کۆسپەکاندا زاڵ بین.

جارێکی دیکە ماندوو نەبوونیتان پێ دەڵێمو ئاواتی کۆنگرەیەکی پڕ دەسکەوتتان بۆ دەخوازم، بەداخم کە بە هۆی کارو ئەرکی زۆری ڕۆژانە هەر ئێستا لەگەڵتان نیم، بەڵام ئەگەر بەمەودا لێتان دوورم، ئەوا بە دڵ لێتان نزیکو لەگەڵتانم.

جوانترین ئاواتەکانم بۆ ئێوە.

سەکەوتوو بێ کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

**دۆست و هاوڕێتان**

**ڕەحیم ڕەشیدی - پاریس**

## پەیامی بەڕێز سمکۆ بێکەس

بۆ: پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سلاوێکی پڕ لە خۆشەویستی و هونەر
بەرێزان ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئیران ، و بەشدارانی بەرێزی کۆنگرەی 5ی یەکیەتیی لاوان سلاوتان لێ بێ و ماندوو نەبن
هیواخوازم کە کۆنگرەکەتان ببیتە مایەی سەرکەوتن و بەرەو پێش چونی هەر چی زیاتری کار و چالاکی یەکانتان لە کوردستان و دەورەوی کوردستان ، بێگومان لەم سەردەمە کە سەردەمی تکنولوژی و زانست و فێر کردن و پەرورده و بار هێنانە یەکیەتی لاوان دەبێ دەورێکی چالاکتر و بەرچاو تری هەبێ لە هەموو بوارەکان و بە تایبەت بواری زانستی تا کوو لاوی کوردیش لە کاروانی تێکوشانی دنیای زانست دوانەکەوێ و بتوانین لە بەرەو پێش چون دا بەردەوام بین تا کوو زیاتر خزمەت بە ڕێکخراوی لاوان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و گەلە بەش مەینەتەکەمان بگەینین ئەمە مایەی شانازی یە بو هەموو لاوێکی کورد لە هەر کوێی ئەم دنیایەدا بێ، بۆیە بە گرینگی دا بە ئەسلی بەرەو پێش چون هیوادارم کۆنگرەکەتان هەنگاوەکانی بۆ بەرەو پێش چونی زیاتر بۆ پێ گەیاندنی لاوی کورد بێ و بە سەرکەوتویی کۆتایی بە کارەکانی بهێنێ
داوای سەرکەوتن و بەرەو پێش چوون بو هەموو تاکەکانی لاوی کومەلگای کوردی

**هاوڕێ و هاوکاری لاوان**
**سمکۆ بێکەس – نۆرویژ**

## پەیامی بەڕێز سەعید پەروازە

بۆ کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەی یەکییەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گە ڵ سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەدا!

بەڕێزان کۆنگرەی ڕێکخراوەکەمان لە هەلومەرجێکدا دەگیری کە رەوتی ڕووداوەکان زۆر خێراتر و پترتر لە ساڵان بەرەو پێش دەچێ، کە بێگۆمان کورد و کوردستانیش لەو ڕووداو و گۆڕانکاریانە بێ نەقش نابێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە یەکیەتیی لاوان ڕێکخراوێکی سێنفییە و بۆ مافە سێنفییەکانی لاوان خەبات دەکات، بەڵام دەبێ لە خەبات بۆ گەیشتن بە ماڤ چارەی خۆنووسی نەتەئەکەمان وەك هەمیشە شان بە شانی هە موو چین وتوێژەکانی کوردستان گیانبازی و لەخۆبووردووی زیاتر بنوێنێ.

لاوان هێزی لەبڕان نەهاتوو و هێزی گۆڕان و داهێنان و حەماسە خوولقێنەری کۆمەڵگان. هە ر لاوان بوون لە ساڵیادی تیرۆری مامۆستای شەهیدی گەلەکەمان حەماسەیان خوولقاندو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان ڕەسوا کرد.

بە سەرنجدان بەو ڕاستیانە، ئەو ئەرك و قوورساییە دەکەوێتە سەر شانی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە بە خوێندنەوەیێکی سەردەمیانە و ئاگاهانە لە مەڕ مەسەلەکانی پێوەندیدار بە لاوان و کورد و کوردستانە وا، لە پەسند کردەنی یاسا و بڕیارەکاندا هوشیارانە و بەرپرسانە هەنگاو هەڵبێنی و لە ڕاستای بەرەوپێش بردنی خەباتی ئازادیخوازانە و ڕاهێنان و پەروەردەکردن و ڕێکخستنی لاوان دا، درێغی و کەمتەرخەمی نکا. تا دەگینە ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاو لە خۆڕاگری و بەرخۆدانی لاوانی کوردستان

مەرگ و نەمان بۆ نەیارانی کورد و کوردستان

**سە عید پەروازە – نۆروێژ**

**پەیامی ڕێکخستنی نهێنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری ورمێ**

**بەڕێزان؛ بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**هێژایان؛ ئەندامان و بەشدارانی کۆنگرە**

**لە ئان و ساتێکدا کە وڵاتەکەمان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ ڕێژیمی ئاخوندنی بەربڵاوتر لە پێشوو لەرێگای یاسا و ئیدیۆلۆژی تایبەت بەسیستەمی ویلایەتی فەقیهـ لەسەر چەوساندنەوەی خەڵکی ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی بەردەوامە و لە ئازادی و بەها مرۆییە جیهانییەکان بێبەشی کردوون. لەهەر جێگایەکی ئەو وڵاتەمان دا گەندەڵی هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای داگیر کردووە و گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان و زیادبوونی هەژاری باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە. لە کاتێکدا ئێران بە یەکێك لە دەوڵەمەنترین وڵاتانی ناوچە لەڕووی هێزی مرۆیی، سامانە سروشتییەکان، فەرهەنگ، ئەدەب و شارستانییەت دەناسرێت و دەزانرێت. لێرەدا ئەرکی زۆر قورس دەکەوێتە سەرشانی چین و توێژەکانی وڵات بۆ ئەوەی لە ڕێگای خەبات و رابوونەوە کۆتایی بەم بارودۆخە نالەبارە بێنن، لەو نێوەندەشدا لاوان وەك چرای روناکبیری و هێزی هەر گەلێك دەبێ رۆڵی کارای خۆیان بگێڕن، ئەوەش بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو رێکخراوانە دەبێ کە لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە دێموکراسی و ئاشتی و ئازادی مێژوویەکیان لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەنەتەوەیی و سینفییەکانیان تۆمار کردبێ. هەر بۆیە ئەوەی ڕۆژانە دەیبینین گیان بازی لاوان و خوێندکارانە کە دەربڕی ئەو هەڵوێستە ئازادیخوازانەیانە دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری فەرمانڕەوا بەکاری دێنن.**

**شاراوە نییە کە رێکخراوەکەمان "یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران" وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوەی جوڵانەوەی ئازادیخوازی "لاوان" بەدەدەکەوێت. بەستنی کۆنگرەی پێنجەممان وەك نەریتێکی جێکەوتووی دێموکراسی لەناو رێکخراوەکەماندا لەم قۆناغە هەستیارەدا ئاسۆی خەبات روونتر دەکات و هێز و وورەی لاوان لە نێوخۆی وڵاتەکەماندا چەندین بار زیاد دەکات.**

ڕێکخستنی نهێنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری ورمێ لەگەڵ ئەوەی بەداخ بوونی خۆی بۆ بەشداری نەکردن لە کۆنگرەکەماندا دەردەبڕێ، سەربەرز و شادمانە بە بەستن و سەرکەوتنی پێنجەمین کۆنگرە و ئێمەش ئامادەین بۆ جێبەجێکردنی هەر گەڵاڵە و پێشنیار و ڕاسپاردەیەك کە کۆنگرە بە پەسەندی بگەیەنێت و بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە لە پێناوی ئەو ڕێبازە پیرۆزەدا گیان فیدا بکەین و لەپەنا سەروەرانی دیکەی ڕێکخراوەکەمان ئارام بگرین.

هەر پیرۆز و سەرکەوتوو بێ پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

نەمان و سەرشۆڕی بۆ ڕێژیمی دیکتاتۆر و لاوکوژی کۆماری ئیسلامی ئێران

**ڕێکخستنی نهێنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری ورمێ**

## پەیامی ڕێکخستنی نهێنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری پیرانشار

بەڕێزان ئەندامانی تێکۆشەری پێنجەمین کۆنگرە
سڵاوی گەرمی ئێمەتان پێشکەش
خۆشەویستان؛ ئێمە وەك ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەشاری پیرانشار، پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی پێنجەم لەخۆمان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و ئێوەی هێمای خۆڕاگری و نەبەردی دەکەین. خۆمان بە خەمبار دەزانین کە بەهۆی هەلومەرجی تایبەتیمانەوە ناتوانین نوێنەرمان لە کۆنگرەکەمان دا بەشدار بکەین، بەڵام هیوامان سەرکەوتن و بەرەوپێش چوونی هەرچی زیاتری کارەکانتانە و ئێمەش پشت و پەنای ئێوە دەبین و کۆنگرە هەر بڕیار و ڕاسپاردەیەکمان بۆ دابنێ بەو پەڕی دڵسۆزی و لەخۆبوردوییەوە بە ئەنجامی دەگەیەنین و لە ئاکامی کۆنگرە پێڕەوی دەکەین.
هاوڕێیانی بەشدار لە کۆنگرەی پێنجەم، داوامان وایە کە بەوپەڕی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە نیشتمانی بن دەستمان هەوڵ بدەن ئاوڕێکی جیدی تر لە ڕەوشی لاوانی کوردستانی ئێران واتە نێوخۆ بدەنەوە و میکانیزمەکانی پەیوەندی گرتن و هاوکاری هەردوو لا فراوانتر بکرێ، لەو نێوەشدا بۆ بەڕێوەبردنی هەرکارێك ئامادەیی خۆمان نیشان دەدەین.
لەکۆتاییدا ئارەزوومانە سەرکەوتنی کۆنگرەکەمان دەسکەوتی گەورەی بۆ لاوانی کوردستان لێبکەوێتەوە و کۆنگرەی داهاتووش بەیەکەوە لە باوەشی نیشتمان و لەژێر ئاڵای کوردستان دا بکەینە دەسپێکی خەباتێکی نوێی ڕێکخراوەییمان.
بەرز و پیرۆز بێ کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنی یەکیەتیی لاوان لە شاری پیرانشار**

## پەیامی لاوانی شاری نەغەدە بۆ پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆڵە چاو نەترسەکانی گەلی کورد!

تێکۆشەرانی ریزەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سلاوو ڕێز

بە ناوی لاوانی شاری نەغەدەوە بە خێرهاتنو پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی بەشداربووانی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەینو هیوای سەرکەوتنو سەرفرازیتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

بەڕێزان!

جێگای خۆشحاڵییە کە لە ساڵی 1379 هەتاوی بەم لاوە کۆنگرەکانی یەکیەتیی لاوان لە کاتو زەمانی دیاریکراوی خۆی دا سەرکەوتووانە بە ئەنجام دەگات. بەڕێوەچوونی پێنجەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوان لەو کاتو قۆناخە هەستیارەدا کە بزووتنەوەی لاوانی ئێران بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی، ڕەنگو بۆنێکی تازەی گرتووەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پایەکانی ئیستبدادی رژیمی ئاخوندی ناسکترو باریکتر دەبێتەوەو هەروەها فشارو بەربەستەکانی نێونەتەوەیی بۆ سەر حکوومەتی کۆدتا زیاترو زیاتر برەودەستێنێو ماهییەتی رژیم بە روونی بۆ جیهانیان ئاشکرا دەبێ، لە لایەکی دیکەوە دەزگاکانی راگەیاندنو هێڵەکانی ئینترنێت سات بە ساتی ئالۆزییەکانی ئێران بە گوێ جیهانیان دا دەچرپێننو دونیا ئاگای لێیە کە حکوومەت چۆن لاوانی ئازادیخوازو ڕۆڵە فیداکارەکانی ئێران بە هەر بیانووو ساتو سەودایەك لە ناو دەباو رەوانەی زیندانەکانیان دەکاو حوکمی ئیعدامیان بە سەر دادەبڕێ، ئاواتەخوازین کۆنگرەی ئەمجارە تەوەرەی سەرەکی خۆی لە سەر بنەمای ئەو شەپۆلە نوێیە رێك بخاتو بە دڵێکی ئاواڵەو سینگێکی فراوانەوە لایەنگری لە لاوانی بێدەرەتان بکاتو هەوڵدان بۆ هەرچی زیاتر لە قاودانی ماهییەتی رژیمی کۆنە پەرەستی کۆماری ئیسلامی بکاتە سەرلەوحەی کارەکانی خۆی. هەر وەك لە پێشووش دا سەلماندووتانە پشتیوانی

راستەڤینەی لاوانی کوردستانی ئێرانن هیواداریین ئەمجارەش بە گڕو تێنێکی تایبەتەوەو بە هەڵسەنگاندنو وردبوونەوەی مەسئولانە لە بابەتەکانی کۆنگرە هەڵوێستی شیاوو گونجاوتان بۆ بگیرێ. جارێکی دیکەش داوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرە دەکەین.

سەرکەوێ خەباتی رەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران

بژی لاوانی خۆراگری زیندانی سیاسی

بەرزو پیرۆز بێ یادی شەهیدانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو سەرجەم شەهیدانی ریگای ئازادیو دێموکراسی.

**لاوانی شاری نەغەدە سەر بە رێکخستنی نهێنی یەکیەتیی لاوان**

## پەیامی لاوانی ناوچەی هەورامان بۆ پێنجەمین كۆنگرەی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران

مۆڵەت بدەن بە بۆنەی سەركەوتنی كۆنگرەی 5 ی یەكیەتی لاوان گەرمترین سلاوی و پیرۆزبایی ئێمە لاوانی هەورامان لە ئێوە بەرێوەبەران و زەحمەتكێشانی ئەم كۆنگرەیە بكەین.

ئێمە لاوانی رۆژهەلات وێرای ئەم هەموو زەبرو زەنگەی رێژیم كە بە هە موو شێوەیەك خەریكی لە نێو بردنی لاوە رۆشنبیرەكانمانە بە دلێكی پڕ لە هیوا، چاو لە ئاسۆ هەنگاو بە هەنگاو ، قورستر و پڕ لە هیواتر بەرەو پێشەوە دەڕۆین. خۆشەویستان دروستە ئێوە ئێستا چەكی شەرەفتان هەلگرتووە، و لە سەنگەری خەباتدان . چەكی ئێمە لاوان بە هەستیش بیرو قەڵەم دەبێ بیر بكەینەوە كە دژ بە زوڵم و زۆرداری، هەلاواردنی جنسیەتی، بێكاری و مادده هۆشبەرەكان كە ریشەو بنەمای هەموو بەدبەختیەكانە بوەستین شلۆن ئەم قەڵەمەی بەكار بهێنین، دژی رێژیم. ئێمە دەتوانین بە فكرێكی باشترو بڕوایەكی قورستر دژ بە هەموو نەهامەتیانەدا سەر بكەوین، كە گەلەكەمان لەم چەند ساڵەی رابردوو دا هاتووە، راوەستین. بەڵێ زانكۆ، شەقام، شار، چیاو گاشەبەردەكانی كوردستان شاهیدی ئەم بیرو بڕوایەن، ئێمە هوشیارتر و چاوكراوەتر لە جاران بە سەر ئەم پلانەی رێژیم سەركەوتین كە ماوەیەك پڕوپاكەندە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماری ئێران كرد. رێژیم ئەوەی لە بیر چۆتەوە كە چ زوڵم و زۆرداریيەكی بە سەر ئەم گەلە بەش خوارەوەدا هاوردووە. ئێمە باش دەزانین كە دوژمن ئەو قەڵەمانەی كە بۆ ئەو كار ناكەن و حەق بێژن، دەیانشكێنێ و مەودای بیركردنی رۆشنبیرانیش لە بەین دەبا. ئیجازە بە هیچ كەسێك نادا كە بچێتە زانكۆ هەر بۆیە زانكۆ ئیمتیاز بەندی دەكا بۆبنەماڵەی شەهیدان، بەسیجیان و جانبازان... پاش كەلاو كردنی ئەمانە كەسانی عادی دەتوانن بچنە زانكۆ ئەویش بە پلەیەكی باش كە وەدەستیان هێناوە . دوژمن بەو هەموو سەخت گیرییەو كێشانەی كە لە سەر رێی ئەو لاوانەدا دایناوە ، رازی نابێ و هەر بۆیە دەست دەكا بە پەخش كردنی مادده هۆشبەرەكان بە هەمو شێوەیەك تەنانەت لە

زانكۆكانـدا. ئێمـه بـه چـاوی خۆمـان ئـەو لاوانـه دەبیـنین كـه ڕۆژێ وەك گوڵاڵـه سـووره دەگەشێنەوەو گەوره دەبن، بەڵام پاش ماوەیەك زەرد هەڵدەگەرێن و دەوەرێن.
هاورێیانی خۆشەویست، هەموو لایەكمان باش دەزانین كه دوژمن له هیچ كارێك بۆ گـەلی كورد درێغی ناكا له كێشـەو گرفتـه كۆمەڵایەتیەكانـەوه بگـره تـا زینـدان و كـۆت و بەنـد، كوشـتن و دەربـەدەر كردنیـان. بـاش دەزانـین كـه ئێستا ئـەو زیندانیانـەی كـه بـه مـەرگ مەحكوم كراون، زۆربەی هەره زۆریان كوردن، كوردیش وەك چیا بەرزەكانی كوردستان و چیاش سـەر بـۆ هـیچ كـەس و دوژمنێك دانانـەوێنێ. هاورێیـانی خۆشەویسـت هـەمووان جارێكی دیكه شاهیدی ئەوه بووین كه جارێكی دیكه لاوانی كورد" نـا" یـەكی تریـان بـه كۆنەپەرسـتاندا گـووت. دیتمـان كـه چـۆن ئـایین، داب و نـەریت و بـیرو بڕوایـان بـەلاناو كوردد بوون كوردستانی بوونیان كرده ئاڵا هەڵگری خۆیان و به دوژمنانی سەلماند كه بـه قەولی شاعیری گـەورەی ئێرانـی " هركـه دور مانـد از اصـل خـویش        روزگـاری بـاز جوید وصل خویش" دوژمن ئەوەی باش دەزانێ كـه كـورد هـەر كوردەو گـرینگ نیـه لـه كـوێ دەژیـت  و چ ئـاین و مەسـلەكێكی هەیـه. خۆشەویسـتان خـەباتی ئێـوه هـەڵگرتنی چەكی شەرەف و راسـتەوخۆ دژ بـه ڕێـژیم رادەوەسـتن و كێشـەی گەلەكـەمان بـه ئاشـكرا دەڵێن ، خەباتی ئێمەش وەك چیا بـەرزەكانی كوردسـتان راوەسـتانه لـه دژی ئـەم هـەموو زەبرو زەنگەی دوژمن هیوادارم كه كۆنگرەكـەتان ، كۆنگرەیـەكی سـەركەوتوو بـێ و ئێـوه ئاڵا هەڵگرانی لاوانـی ڕۆژهـەڵات بـه سـەر ئـەم هـەموو كەنـدو كۆسـپەدا سـەربكەون و بـه هیـوای ئـەو ڕۆژەی كـه سـەركەوتنی ئێـوه لاوانـی خۆشەویسـت لـه ولاتـانی پێشكەوتووی جیهانـدا بـبین و ئـاواتی سـەركەوتن بـۆ ئێـوه خۆشەویسـتان لـه تاراوگـه و سـەركەوتنی یەكجاره به سەر شەمشەمه كوێرانی كۆماری ئیسلامی ئێران، به ئاوات دەخوازین.
به هیوای سەركەوتن

**ڕێكخستنی نهێنی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران له ناوچەی هەورامان**

## پەیامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

پیام کنگره ملیت های ایران فدرال به پنجمین کنگره اتحادیه جوانان دموکرات کردستان ایران
دوستان گرامی،

پنحمین کنگره اتحادیه شما در شرایطی برگزار میشود که موج اعتراضات توده ای سراسر میهنمان را فرا گرفته است. میلیونها تن از هموطنان آزادمنشمان روزهای متمادی به خیابانها آمده و خواستار آزادی شدند. هرچند انگیزه تظاهرات توده ای تقلبات گستاخانه انتخاباتی از طرف سردمداران رژیم اسلامی بود، لیکن ریشه اعتراضات در پایمال کردن خشن ابتدائی ترین حقوق فردی شهروندان ایرانی نهفته است.

از مشخصات بارز میلیونها هموطنی که هر روز بی محابا و بدون ترس از احتمال کشته شدن در تظاهرات شرکت میکردند، چون شما جوان بودن آنان است. ما یقین داریم که خود شما نیز بخش فعال این جمع میلیونی بوده و هستید.
نسل جوان ما نسلی است روشن، مدرن، خودآگاه و جسور. انسانهایی که از جنین خصوصیاتی برخوردار هستند نمیتوانند تن به حقارت رژیمی بدهند که مدام به حریم آزادی آنان تجاوز کرده و بدینوسیله به حرمت و کرامت انسانی اهانت میکند. رژیمی که نه تنها به هیچ قانونی پایبند نیست، که طرفداران آزادی را به بند میکشد، چماقداران را به جانشان می اندازد، به رویشان آتش میگشاید و آنان را بقتل میرساند، نمیتواند حقانیت داشته باشد و باید سلب قدرت و سلب حاکمیت شود.

اکنون پایه های رژیم اسلامی بلرزه درآمده است؛ وجهه و اتوریته نظام اسلامی شکسته است؛ شخص ولایت فقیه نیز با تکذیب آشکار تقلبات انتخاباتی نه فقط با گستاخی کم نظیری سخن خلاف واقع را گفتند، که خودرا نیز با این عمل مضحکه عام و خاص کردند.
علیرغم این حقایق نباید فراموش کرد که رژیم با توسل به هر وسیله ممکنه در حفظ قدرت خود کوشا خواهد بود. در درجه اول وظیفه میهنی شما جوانان وطندوست است که با بکاربستن برنامه های دقیق و فراگیر عرصه را به این

رژیم هرچه بیشتر تنگ کرده و نهایتا زمینه برکناری آنرا درآینده نه چندان دور فراهم سازید.

ملت کرد بگواه تاریخ همیشه در صف مقدم جنبش های آزادیخواهانه بوده است. شما جوانان مبارز نیز همواره در سنگر مقدم این مبارزات قرار داشته اید. اهدافی که شما و ما تعقیب میکنیم مقدس اند. هدف، رهایی میهنمان از یوغ قرون وسطایی و ضد انسانی رژیم اسلامی است. هدف، ایجاد ایرانی آزاد است؛ ایرانی که در آنجا انسانها ارج و حرمت دارند؛ ایرانی که در آنجا کرد، عرب، ترکمن، آذربایجانی، بلوچ و فارس وغیره از حقوق برابر و امکانات مساوی برخودارند. هدف شما و ما ایجاد ایرانی دموکراتیک بر اساس سیستمی فدرال است که حقوق خودمختاری همه ملیت ها و اقلیت های کشورمان را تضمین میکند.

ما برگزاری موفقیت آمیز کنگره تان را از صمیم قلب آرزو میکنیم و امیدواریم که مصوبات این کنگره بسهم خود در مبارزه علیه رژیم اسلامی مؤثر واقع شود.

به امید ایرانی آزاد

**شورای مرکزی کنگره ملیت های ایران فدرال**

## پەیامی بەڕێز سیروس مەلەکوتی

پیام به کنگره سازمان جوانان دمکرات کردستان ایران
با درود بیکران به نسلی که فردای ازادی در دستان پرتوان و اندیشه های انسانیش بر پا میگردد.
درود من و هم اندیشان و هم نسلانم به شما جوانانی که زاد واهه و میلاد خجسته تان را به تاراج پیر و فرسوده ارتجاع حاکم بر طول عمرتان نسپردید و با تکیه بر مدنیت و خرد والای بشری نور و امید را بدیل یاس و افسردگی نمودید.
نسل شما اموزگار تاریخ معاصر گردید ، اموزه هایی از تهور، خرد و متانت. از شما اموختیم که میتوان جوان بود و بر کجاوه دانش تکیه زد و مرعوب عواطفی نگردید که رهبرانش اراده ای غیر باشند.
از شما اموختیم که تحقیر را به درون بر وقار نشسته خویشتن خویش راه نگشاییم و مرعوب قوانین و رفتاری نگردیم که حقیقت ما را به کتمان نشسته‌اند.
از شما اموختیم این انتقام نیست که میلاد تمدن و مدنیت را وعده میدهد بلکه عدالت است که با دستانتان گسترانیده میشود.
از شما اموختیم جوانی گناه و بی خردی نیست و پیری ضرورتاً تصویرگر پاکدامنی و دانش نخواهد شد.
شما در استانه همایشی هستید که چگونگی دگر برآمدتان را نقش خواهد بست.
خجسته باد بر ما.
نقشتان برجسته در ایین زندگی و مبارزه باد.

**سیروس ملکوتی**
**مدیر و بنیانگزار : سازمان جهانی هنرمندان بدون مرز**




لاوانی وشیاری کوردستان، هێزی ڕۆنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوون